چاپی دووەم

د. عبدالكريم بكار

# کولتوری کاری خۆبەخش

چۆن بیچەسپێنین؟
چۆن بڵاوی بکەینەوە؟



وەرگێڕانی: حسێن نجم الدين ڕەسوڵ قەرەداغی

Scanned by DocumentScanner | Lufick




Scanned by DocumentScanner | Lufick

# کولتوری
# کاری خۆبەخشی

چۆن بیچەسپێنین؟ چۆن بڵاوی بکەینەوە؟

د.عبدالکریم بکار

وەرگێڕانی: حسێن نجم الدین رسوڵ قەرەداغی

Scanned by DocumentScanner | Lufick

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێناسی کتێب

**ناوی کتێب: کولتوری کاری خۆبەخشی**

چۆن بیچەسپێنین؟ چۆن بڵاوی بکەینەوە؟

**نووسەر: د. عبدالکریم بکار**

**وەرگێڕان:** حسین نجم الدین رەسوڵ قەرەداغی

**پێداچوونەوە:** عومەر عەلی محمد

**تایپ:** سامان نادر رەسوڵ

**هەڵەچن:** شاد و محمد حسین نجم الدین

**چاپ و دیزاین:** ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

**نۆبەی چاپ:** چاپی دووەم - پایزی ٢٠١٦

**تیراژ:** ٢٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە سپاردنی (١٧٧٦) ی ساڵی (٢٠١٥) پێ دراوە

ئەم کتێبە لە سەر ئەرکی خێرخوازێك چاپ کراوە (خودا پاداشتی بداتەوە)

**(دەبەخشرێت و نافرۆشرێت)**



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# پێشەکی وەرگێڕ

کاری خۆبەخشی پەیامێکی مرۆڤ دۆستیە، هەوڵ و تێکۆشانە بۆ بەرزکردنەوەی شکۆی مرۆڤ بە ئاراستەی مرۆڤسازی ، تا شایەن بێت و بە ئەرکی سەرشانی رابگات لە ژیانسازی و ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی، ئەویش لە رێگای هاوکاری کردن و بەشداری کردن لە لابردن و سوککردنی باری گران و ناهەمواری مرۆڤەکانی تر، واتە دەرچوون لە قالبی خۆپەسەندی و بەسەرخۆدا داخران و رۆحی سلبیەت، کە ئەمانە پێکەوە یان بەجیا خۆرەی رۆحی مرۆڤن و لە شکۆی بەرزی کەم دەکەنەوە.

دەتوانین بڵێین یەکێك لە پێوەرەکانی کۆمەڵگەی زیندوو چالاك بوونی کاری خۆبەخشی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە لەم بوارەدا.

لە وڵاتانی ئەوروپادا رێژەیەکی زۆر لە خەڵکی لە تەمەن و پێگەی کۆمەلایەتی و خوێندەواری جیاواز، بەشداری کاری خۆبەخشی دەکەن و رێژەی (٣٠٪ – ٤٠٪) ی دانیشتوان پێك دەهێنن.

کۆمەڵگەی کوردی ئەگەر چی بارودۆخێکی تایبەت و ناسەقامگیری هەبووە، بەلام رۆحی کاری خۆبەخشی و ئامادەیی بەخشین لە دڵ و



Scanned by DocumentScanner | Lufick

دەروون و فکریدا بوونی هەیە و لەسەر ئەرزی واقعیش رەنگدانەوەی جوانی هەیە.

بەڵام پێویستە ئەو خواستە رێك بخرێت و چوارچێوەی دامەزراوەیی بۆ بنیاد بنرێت و هۆشیاری کاری دەستەجەمعی و بەکۆمەڵ لەنێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکاندا پەرەی پێبدرێت و بڵاوبکرێتەوە، تا دەبێتە کولتور و کاری رۆژانە، ئەمەش کاری رێکخراوە خۆبەخش و مرۆڤ دۆستیەکانە، بەهەماهەنگی لەگەڵ هۆکانی راگەیاندن و دامەزراوە حکومیە پەیوەندیدارەکان.

ئەم کتێبەی بەردەستت (کولتوری کاری خۆبەخشی چۆن بیچەسپێنین؟ چۆن بڵاوی بکەینەوە؟) لە نووسینی بیرمەندی گەورە (د.عبدالکریم بکار)، لەم بوارەدا هەوڵێکی زۆری داوە و لە گۆشە نیگای جیاوازەوە لەم بابەتە دەڕوانێت و خاڵی لەسەر پیتەکان داناوە و وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانی ناخی خوێنەری ئەم بوارەی داوەتەوە و کارەکەی ئاسان کردووە.

بەندەش وەك هەوڵێکی خۆبەخشی ئەم پەرتووکەم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، چاپی یەکەمی لە٢٠١٥ دا لەلایەن رێکخراوی خێرخوازی رابیتەی ئیسلامی کوردەوە بە بەخشین و دیاری بەسەر بەشێك لە خێرخوازان و بەشداربوانی کاری خۆبەخشیدا لە شارەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و گەرمیان بڵاوکرایەوە.

یەکێك لەو خێرخوازە بەڕێزانە کە بەشدارێکی کاریگەر و خاوەن فکر و داهێنانی جوانی زۆری ئەم بوارەیە، پێشنیاری بۆ کردم کە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

بەهەندیّ دەستکارییەوە چاپی دووەمی کتێبەکە بکەینەوە و لەسەر ئاستێکی فراوانتر بڵاوبکرێتەوە تابگاتە دەستی ژمارەیەکی زۆری خوێنەران و بەشدارانی کاری خۆبەخشی، هەر خۆی بڕی تێچوونی چاپی دووەمی گرتە ئەستۆ خودا پاداشتی بداتەوە.

منیش بە سوپاسەوە پێشنیارەکەیم وەرگرت و بەتیراژێکی زۆرتر لە چاپی یەکەم، چاپی دووەممان بڵاوکردەوە، بەو ئومێدەم بەم کارانەمان سوود بە خوێنەری کورد بگەیەنین و کەلێنێکی کتێبخانەی کوردیمان پڕکردبێتەوە.

بۆیە داوا لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەم لە نزا و پاڕانەوەکانتان نووسەر و وەرگێڕ و هاوکارانی ئەم پڕۆژەیە لەیاد مەکەن، هەروەها سەرنج و تێبینیەکانتان بەدیاری وەردەگرین، تەنها کاری خوای باڵادەست بیّ کەم و کووڕییە.

وەرگێڕ

سلێمانی – پایزی ٢٠١٦

husain_rasul@yahoo.com

07501173849



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان، درووود و سەلام لەسەر گیانی پێغەمبەرمان محمد ﴿صلى الله عليه وسلم﴾ لە سەر یار و یاوەرانی بە گشتی:

یەکێك لە بەخششەکانی خوای گەورە لە سەر ئەم نەتەوە، کە لەم ڕۆژانەدا دەیبینین، زیاد بوونی هۆشیارییە بەرەو کاری بەخشین و چاکە کاری بە شێوازی جۆراوجۆر، زیاد بوونی ژمارەی دامەزراوە خێرخوازیەکان، بەشێکی زۆر لە لاوەکان عەودالی خزمەتکردنن بە کۆمەڵگە و بە شوێن میکانیزمێکدا دەگەڕێن تا ئەو خزمەتەی تێدا بەرجەستە بکەن، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین لەگەڵ ئەو مژدە بەخشینەدا بۆ هۆشیاربوونەوە، هەست دەکەین ئەوەی لەم نێوەندەدا هاتووەتە بەرهەم، کەمترە بە بەراورد بەوەی کە پێویستە بەرهەم بهێنرێت، ئەگەر بەراوردی بارو گوزەرانی خۆمان بکەین لەگەڵ نەتەوە پێشکەوتووەکاندا، جیاوازییەکی زۆر دەبیینین[1]، بەراورد کاری

---

(١) ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە نابێت بە جۆرێك سەیری ئەو ژمارانە بکەین کە وەك بەڵگە دەهێنرێنەوە لە زۆر کێشەی گەورەدا کە زۆر وردن بەڵکو تەنها وەك بەڵگە و دەلالەت سەیر دەکرێن نەك شتی تر.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

پەیداکردنی هۆشیارییە بە خود و خود ناسینە، بۆیە لێرەدا گرنگە ئەم ژمارانە بخەینەڕوو:

- لە ویلایەتە یەکگرتووەکان: زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو دامەزراوەی خۆبەخشی و قازانج نەویست هەیە، ژمارەی ئەوانەی بەشداری کاری خۆبەخشی دەکەن ۹۳ ملیۆن خۆبەخشە کە دەکاتە (٣٠٪) ڕێژەی دانیشتوان.

کە ساڵانە نزیکەی (٢٠) ملیار کاتژمێر کاری خۆبەخشی پێشکەش دەکەن، ئەو دامەزراوە خێرخوازیانە ساڵانە نزیکەی (٢٠٠) ملیار دۆلار وەک بەخشین وەردەگرن.

- لە بەریتانیا: زیاتر لە (٢٠) ملیۆن کەسی پێگەیشتوو، ساڵانە کاری خۆبەخشی بە شێوەی ڕێکخراو ئەنجام دەدەن، کۆی کاتی خۆبەخشی دەگاتە (٩٠) ملیۆن کاتژمێر لە هەفتەیەکدا، بەهای ئابوری بۆ بەخشینی فەرمی بە (٤٠) ملیار جونەیهی ئستەرلینی دەخەملێنرێت.

- لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی فەڕەنسا بۆ کاروباری کۆمەڵایەتیدا هاتووە کە زیاتر لە (١٠) ملیۆن فەڕەنسی لە کۆتایی هەفتەدا کاری خۆبەخشی دەکەن بۆ بەشداری کردن لە پێشکەش کردنی خزمەتی کۆمەڵایەتی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، لە فەڕەنسادا (٦٠٠) شەش سەد هەزار دامەزراوەی خۆبەخشی و قازانج نەویست هەیە.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

- **ئەڵمانیا:** ئامارەكان ئەوە نیشان دەدەن (٤٥٪)ی ئەوانەی لە تەمەنی (١٥) ساڵ بەرەو ژوورن، بەشداری دەكەن لە كاری خۆبەخشیدا و، ئامارەكان ئاماژە دەكەن بەوەی (٩٠٠) رێكخراوە و یەكێتی لاوان هەیە كە ( ٤/١ ) واتە (٠.٢٥) دانیشتوانی ئەڵمانیا رێك دەخەن و هاوكاری رێكخستنی لاوەكان دەكەن بۆ كاری خۆبەخشی.

- **ژمارەیەكی زۆر لە ڕاپۆرتەكان** ئەوە نیشان دەدەن كە ئیسرائیل كەرتێكی گەورەی خۆبەخشی و قازانج نەویستی هەیە، كە زیاتر لە هەموو دراوسێكانی بەیەكەوە لەسەر ئاستی چەندێتی و چۆنێتی كە بە نزیكەیی (٤٠) چل هەزار رێكخراو و دامەزراوەی خۆبەخشی و قازانج نەویستی هەیە و ساڵانە بە تێكڕایی (١٠٠٠) هەزار كۆمەڵە (دامەزراوە) زیاد دەكات.

بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین بۆ هەر (١٧٥) كەس لە ئیسرائیل دامەزراوەیەكی خۆبەخشی هەیە، بەڵام لە وڵاتانی كەنداوی عەرەبی بۆ (٦٠٠٠٠) شەست هەزار هاوڵاتی تەنها یەك دامەزراوەی خۆبەخشی هەیە، لەم ڕووەوە ئامارەكانی وڵاتانی تری عەرەبی ئاماژەی ترسناك تر نیشان دەدەن.

بەشداری ئەو دامەزراوانەی ئیسرائیل لە بەرهەمی ناوخۆیدا نزیكەی ( ١٣٪ )یە و ٢٣٥ هەزار هەلی كار دەستەبەر دەكەن كە دەكاتە (١٠٪)ی هێزی كار لەو وڵاتەدا، هەندێ لە لێكۆڵینەوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

نزیکەی (٤٥٪)ی دانیشتوان بەشداری کاری خۆبەخشی دەکەن، بۆیە ئێمە پێویستمان بە تێکۆشانی زیاتر هەیە تا قەرەبووی ئەوە بکەینەوە کە لە دەستمان رۆیشتووە، لەم بارەوە دەتوانین بڵێین بەرجەستە کردنی کولتوری (رۆشنبیری) کاری خۆبەخشی لە کۆمەڵگەدا پێویستی بە دوو شتی گرنگ هەیە:

یەکەم: خەملاندن و هێنانەدی زۆرترین دید و تێڕوانین و هۆکار کە یارمەتیمان دەدات بۆ گەشەپێدانی کاری خۆبەخشی.

دووەم: گشتاندن و بڵاوکردنەوەی ئەو دید و تێڕوانینانە بۆ پانتاییەکی فراوانی چین و توێژە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان.

هیواخوازین لە خوای باڵادەست کە ئەم نامیلکەیە بەشداری هێنانەدی ئەو مەبەستانە بکات ئەگەر بە بەشێکی دیاری کراویش بێت.

خودا بیسەر و وەڵام دەرەوەی نزاکانمانە.

د.عبدالكريم بكار



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# کولتور چییە؟

لێرەدا مەبەستمان لە کولتور: ئەو ئاوێتەیەیە لە چەمك و بیر و بنەما و هەڵسوکەوت و داب و نەریت، کە پەیوەندی بە کاری خۆبەخشیەوە هەیە، بە جۆرێك ئەو چەمکانە ببێتە رۆشنبیری و بەشێك لە گرنگی پێدانی خەڵکی و شێوازی ژیان و بەرنامەی چالاکیە گشتیەکانیان. واتە داکۆکی لە بەئەنجام گەیاندنی دەکەن بە شێوەیەکی بەردەوام، هەر وەك چۆن داکۆکی لە داب و نەریتە باشەکان و کارە چاکەکانیان دەکەن.

ئێمە دەمانەوێت کاری خۆبەخشی لە دەرەوەی بازنەی گفتوگۆ کردن بێت، بۆ ئەوەی بیری مرۆڤەکان تەنها بۆ بەهاکەی نەچێت، بەڵکو بۆ چۆنیەتی زیادکردن و بەرجەستە کردنی بێت لە ژیانی گشتیدا، ئەمەش بە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی خۆبەخشی و هەستکردنی خەڵکی بە سوودە زۆرەکانی دێتە دی.

ڕوون و ئاشکرایە کە کاری خۆبەخشیی کاریگەر؛ رەفتارێکی بەکۆمەڵ و هاوبەشە، ئەو رەفتارە دروست نابێت تا کۆمەڵگە نەبێتە خاوەنی دیدو بۆچوون و کۆمەڵێك مەعریفە کە زەمینەسازی بۆ رۆشنبیریی هاوبەش بڕەخسێنێت، لەسەری بوەستێت و لەوێشەوە هەنگاو بنێت، ئەو زەمینەیەش لە ڕێگای پەروەردە و

ڕۆشنبیرکردنەوە بەدی دێت، کتێبە ڕۆشنبیرییە گشتییەکان؛ گرنگترین سەرچاوەی ئەو زەمینە سازیەن، بۆیە هیچ سەیرو سەمەرە نییە کە دەبینین ئەو گەلانەی کە زۆرتر سەرقاڵی خوێندنەوەن و، زۆرتر شەیدایی و پەرۆشیان لەگەڵ کتێبدا هەیە، زیاتر گرنگی بە کاری خۆبەخشی دەدەن و کاری لەسەر دەکەن هەروەها لە گەلە پێشکەوتوو گەشەسەندوەکانن.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# کاری خۆبەخشی چیە ؟

## کاری خۆبەخشی:

هەموو ئەو  ماڵ و کات و تێکۆشانەیە کە دەدرێت لە پێناو سوود و بەختەوەری خەڵکی و کەم کردنەوەی نەهامەتییەکانیان.

بازنەی خۆبەخشی فراوانتر دەبێت کاتێك مرۆڤ هەست بە ئەوی دی بکات، بۆی میهرەبان بێت و دوعای بۆ بکات و هانی بدات و ورەی بەرز بکاتەوە و لە ناخۆشی دا بەشداری بکات، دیدو تێڕوانینی پێ ببەخشێت و ڕێنمایی بکات بۆ چاکە و خێری دین و ژینی.

**کاری خۆبەخشی:** جگە لە پێشکەشکردنی ماڵ و دارایی، ئەو چالاکی و خزمەتگوزارییە وەقفی و قازانج نەویستانەش دەگرێتەوە کە پێشکەش دەکرێن.

لە هەندێ وڵاتدا - وەك ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاکەکاری و کاری خۆبەخشی لە یەکتر جیا دەکەنەوە، چاکەکاری



Scanned by DocumentScanner | Lufick

بەو هەوڵ و تێکۆشانە دەڵێن کە تێدەکۆشێت بۆ چارەسەرکردنی جێکەوتەی گرفتێك لە گرفتەکان و مامەڵە کردن لەگەڵ دۆزەکەدا.

بەڵام کاری خۆبەخشی: ئاڕاستەی بەرەو چارەسەر کردنی ڕیشەیی گرفتەکە و وشك کردنی سەرچاوەکانیەتی، هەروەها کارکردنە بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە کاریگەریە نێگەتیڤەکانی، ئەمەش جیاکارییەکی بەسوودە.

دەمەوێت پێش باسکردن لە میکانیزمەکانی بەرجەستەکردنی ڕۆشنبیریی خۆبەخشی و گشتاندنی و بڵاو کردنەوەی؛ ئاماژە بە شتێکی گرنگ بکەم؛ ئەویش ئەوەیە کە داوای پاداشت لە خوای باڵادەست و ئەستۆپاکی لە لێپرسراوێتی شەرعی، پێویستە لای خەڵکی بکرێتە بنچینەیەکی ڕۆشنبیری بۆ هاندان و خۆشەویست کردن و بەشداری کردن لە کاری خۆبەخشیدا، ئەویش لەبەر دوو هۆکاری بنچینەیی:

یەکەم: خوای گەورە زۆرترین خەڵات و پاداشتی ڕێك خستوە لەگەڵ خزمایەتی و نزیکیی کۆمەڵایەتی (پەیوەندی کۆمەڵایەتی)، چ پاداشتێك گەورەترە لە پاداشتی بەخێوکەری نازدارێك (بێ باوکێك) کە لە بەهەشتدا لەگەڵ پێغەمبەردایە (درودی خوای لێ بێت) ؛



Scanned by DocumentScanner | Lufick

شوێنی وەك پەنجەی شایەتومان و پەنجەی تەنیشتی (دۆشاومژە ) لە پێغەمبەرەوە نزیك بێت.

چ پاداشتێك گەورەترە لە پاداشتی ئەو کەسەی کە هاوکاری بێوەژن و هەژاران دەکات، کە وەك پاداشتی ئەو کەسە وایە هەمیشە بەڕۆژوو بێت و شەونوێژبکات و نەخەوێت.

دووەم: ئێمە بۆچوونمان وایە کە کاری خۆبەخشی تێکۆشانی مرۆییە، ئەو ماڵ و داراییە کە دەبەخشرێت دەبێتە هۆی تەواوکردنی ئەو کەم و کووڕی و ناتەواویانەی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و رامیاری و ئابووریدا پەیدا بووە. هەروەها کاری خۆبەخشین جۆرێکی ترە لە تەواوکردنی کەم و کووڕی تاکەکان (مرۆڤ) کە بەرامبەر خودا و کۆمەڵگە هەیانە وەك چۆن سوننەتەکان ناتەواوی فەرزەکان تەواو دەکەن و پڕی دەکەنەوە. پاداشت کردن لەسەر ئەنجامدانی ئەرکەکان هەستی جێ بەجێ کردنی ئەرکەکان زیاد دەکات بەوەی کە مرۆڤ هەست دەکات بەردەوامی بەخشیوە بە ئاکارە پەسەند و باشەکان، ئاکاری قوربانیدان و بەتەنگەوەهاتن و بەسەرخۆدا زاڵ بوون و خۆنەویستی، گرنگی دان بە ئەوی دی.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دەتوانین کاری خۆبەخشی بەکار بهێنین بۆ چارەسەر کردنی دەروونی و هەڵسوکەوتی خراپ، چونکە یارمەتیدەرە بۆ کەم کردنەوەی بەسەرخۆدا داخران (خۆپەسەندی) و رزگاربوون لە دڵتەنگی و ماندوو بوون و هەستکردن بە بەتاڵی و ون بوون.

کاری خۆبەخشی بە بەردەوامی و هەمیشە ئاماژەیە بۆ چاکی و زیندوویی کۆمەڵگە؛ وەك وتراوە: (هەڵە و ناتەواویەکانمان بەرهەمی وڵاتە و شانازیەکانمان بەرهەمی کۆمەڵگەیە) کەمی کارو کۆششی خۆبەخشی لەپێناو خزمەت کردن بە کۆمەڵگە، یەکێکە لە دیاردە گەورەکان و چارەسەری ئەم دیاردەیە بە رێگا چارەی جۆراو جۆر و پێش دەسی کردن دەبێت، دەمانەوێت لەم نامیلکەیەدا ئەم بابەتە زۆرتر روون بکەینەوە.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# لە ئاسۆی کاری خۆبەخشیدا

دوو بابەتی بنەڕەتیمان هەیە پێویستە زیاتر ڕوونی بکەینەوە، چونکە لە بیری زۆربەی خەڵکیدا ون بووە و نەماوە:

## بابەتی یەکەم: کاری بەکۆمەڵ (العمل الجماعي)

ئاشکرایە خۆشەویستی بۆ کاری خێر لە قوڵایی دڵی موسوڵمانانددا هەیە و بە ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر ئەنجامی دەدەن، بەڵام بە پچڕ پچڕ و شێوازی تاکە کەس، ئەگەرچی ئەم شێوازە سوپاسکراو و وەرگیراوە بەڵام سوودی کەمە، بە تایبەت لەم ڕۆژگارەدا کە توانای جۆراو جۆر هەیە بۆ سوود گەیاندنی زیاتر بە خەڵکی، لەبەر زۆری و گەورەیی پێداویستییەکانیان.

زۆربەی ئەو کارە خۆبەخشانەی کە ئەمڕۆ ئەنجام دەدرێن دەتوانین بە (ترسناک) ناوی بەرین لەبەرئەوەی کاتێک موسوڵمان بەشێک لە دارایی و کاتەکەی دەبەخشێت کە یەکێك داوای لێ دەکات، یان دراوسێکەی یان هاوەڵێکی یان کەسێکی نزیکی شتێکی لەو جۆرەی لێ دەخوازێت یان پێویستی بە هاوکاری ئەو



Scanned by DocumentScanner | Lufick

هەیە، ئەمەش مانای وایە هەندێك جار مانگێك یان دوو مانگ تێ دەپەڕێت، بێ ئەوەی ئەو موسوڵمانە بەشداری کارێکی خۆبەخشی کردبێت، لە کاتێکدا پارەو سامان و کات و توانای هەیە بۆ ئەوەی زۆر لەو کارە خێرخوازیانە ئەنجام بدات، یان بەشداری بکات، ئەمەش لەبەر دوو هۆکارە:

یەکەم: نەبوونی ڕۆحی کارکردن بە شێوازی تیم لە بیرو هەستی زۆربەی موسوڵمانانندا، لە کاتی ئەنجامدانی کاری خۆبەخشیدا بیر لە کاری بە کۆمەڵ ( بە شێوەی تیم ) ناکەنەوە.

دووەم: کەمی ژمارەی دامەزراوە و چوارچێوە و بەرنامە بۆ کاری خۆبەخشی کە بتوانێت ویست و داخوازی خێرخواز و بەخشەرەکان لەخۆ بگرێت و داهێنانی نوێ بکات لە دەستەبەر کردنی شێوازی سەرنج ڕاکێش لە کاری خۆبەخشیدا.

لێرەدا تیشك دەخەینە سەر گیانی کارکردنی بە کۆمەڵ و بنیات نانی تیمی کار، لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا:

١- گرووپ (تیم) کۆمەڵێك کەسن پاپەندی سیستەمێك دەبن و هەوڵ دەدەن بۆ بەدی هێنانی ئامانجە هاوبەشەکانیان .

٢- زۆر دەقی پیرۆزمان هەیە، موسوڵمانان هان دەدات بۆ ئەوەی پێکەوە و لەگەڵ یەکتر کار بکەن چونکە کاری گرووپ (تیم)



Scanned by DocumentScanner | Lufick

لە زۆربەی کاتدا بەرهەمی زیاترە لە بەرهەمی تاکەکان، ئەگەر بە تەنها کار بکەن. مرۆڤ بە پەرۆشتر کار دەکات، کاتێک لەگەڵ تیمێکی پێکەوە گونجاودا بێت. تێکۆشانی بە کۆمەڵ ئاراستە کردنێکی باشترە لە لە تێکۆشانی تەنهایی، چونکە کار کردن لە ناو تیمدا یارمەتی دەرە بۆ لێکۆڵینەوە و پوختەکردنی بیرو بۆچوونەکان و باشتر کردنی پلەی تێ گەیشتن و کرانەوەی ژیری، پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێت کاری بە کۆمەڵ و دامەزراوەیی توانای نوێ بوونەوە و بەردەوام بوونی هەیە زیاتر لە کاری تاکە کەسی، بەڵام زۆربەی خەڵکی لە کاری بە کۆمەڵ دوور دەکەونەوە، چونکە دەبێت هەوڵ و تێکۆشان لەگەڵ کاتەکان رێکبخرێن بە هۆی ئەو کۆت و بەندانەی کە مرۆڤ لە ناو کاری بە کۆمەڵدا بۆی دروست دەبێت، هەندێ لە خەڵکی پەنا بۆ کاری تاکە کەسی دەبات بەهۆی ئەو ئەزموونە شکستخواردوانەی کە لەکاری بە کۆمەڵدا بینیویەتی. بەڵام پێویستە هەموو ئەو ئەگەر و لەمپەرانە تێ پەڕێنین، چونکە ئەو بەرهەم و سوودەی لە کاری بە کۆمەڵ و تیمدا دێتە دی زۆرترە لە کاری تاکەکەسی.

٣- کاری بەکۆمەڵ (هاوبەشی) ئەگەر بە شێوەیەکی باش رێک نەخرێت، ئەوا لە هۆکاری پاڵنەر بۆ بەخشین دەگۆڕێت بۆ هۆکاری لەمپەر و رێگری، کاتێک گیانی تەممەڵی و پشت پێ بەستن بە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

ئەوانی دی لە نێو ئەندامەکانیدا بڵاو ببێتەوە، بۆ ئەوەی کار کردن لە ناو تیمدا بەشێوەیەکی بەرهەمداربێت، پێویستە ئەم تایبەتمەندیانەی تێدا بێت:

أ/ پێویستە پەیام و ئامانجی ئاشکرا بێت، بزانێت چی دەوێت، ئەو بەهایانە چین کە کارەکانی پێ بەڕێوە دەبات، ئەو کات و پێداویستیانە چین کە دەیگەیەنێتە ئامانجەکەی.

ب/ هەر یەکێك لە ئەندامانی تیمەکە هەوڵ بدات بۆ زانینی باکگراوندی کولتوری و کۆمەڵایەتی هەریەکێك لە هاوەڵەکانی.

ئەمە زۆر گرنگە بۆ مەسەلەی هاوکاری کردن و دیاریکردنی ڕوانگە و ڕێکخستنی پەرچە کردارەکان، ئەمەش لە هەموویان گرنگترە لە پێناو پشتیوانی کردن و لە یەك تێگەیشتن لە کاتی ناڕەحەتیدا.

ج/ داهێنان کردن لە کاردا سیفەتێکی گرنگە لە سیفاتەکانی کاری بەکۆمەڵ، ئەمڕۆ لە ڕۆژگارێکداین زۆر پێویستمان بە سەرکردە و داهێنان و کرانەوەی بیر و هۆش هەیە.

ئاگادار بوونی تیمی کاری خۆبەخشی لە ئەزموونی ئەوانی تر بەرهەمێکت دەداتێ کە لەوەو پێش نەبووە.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

د/ جەخت كردنەوەی زۆرتر لەسەر ئەنجام، نەك لەسەر ڕێ و شوێن و ڕێكخستنەكان، چونكە ئەنجام بەرهەمی داواكراوە، ئەوەمان تێبینی كردووە زۆر لە تیمە خۆبەخشەكان ناخوازن لەسەر ئەنجامی كارەكانیان بوەستن لە جیاتی ئەمە پشت دەبەستن بە هەندێك شێوازی تر كە زۆرتر بواری ڕیكلام و ڕاگەیاندن لە خۆ دەگرێت. ئەمەش وەك جۆرێك لە ڕاكردن بۆ پێشەوە ئەژمار دەكرێت.

هـ/ بەرپرسیارێتی و ڕۆڵی هەر یەكە لە ئەندامانی تیمەكە دیار و ئاشكرابێت، چونكە ناڕوونی ئەم شتانە گیانی تەممەڵی لە ناو تیمەكەدا بڵاودەكاتەوە، بەشێك لە ئەندامان چاوەڕوانی پێش دەستی لە هاوەڵەكانیان دەكەن و ئەوانی تریش بە هەمان شێوە، ئەنجام دەبێتە هۆی دەست بەتاڵی و لاوازی بەرهەم هێنان.

و/ تیمی باش، هەوڵی رەخساندنی ژینگەی باش و گونجاوتر دەدات، چونكە گەشەپێدانی ژینگە بە كارێكی زۆر گرنگ دادەنرێت، ئەوە چەسپاوە كە لە (٦٠٪)ی سەركەوتنی تاكەكان و كۆمەڵەكان پەیوەستن بە ئەو ژینگەی كە كاریان تێدا كردووە. ژینگەش شوێن و ئامرازە بە كارهاتووەكان و سیستەمی بەردەست و پەیوەندی د بارى نێو ئەندامانی تیمەكە دەگرێتەوە.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

ز/ کارکردن بەشێوەی تیم و بەریەك کەوتنی ئەندامەکان لەگەڵ یەکتردا جاری وا هەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی، بۆیە تیمی باش ئەو تیمە نییە کە هیچ گرفتی نەبێت، بەڵکو ئەو تیمەیە کە لە ڕێگەی خۆیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکان دەدات بەبێ ئەوەی بەرزی بکاتەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی سەروو خۆی، لە هەمان کاتیشدا ناهێڵێت گەشە بکات و گەورە ببێت.

حـ/ لە گرنگترین ئەو سیفەتانەی کە پێویستە هەبێت لە تیمی کاری سەرکەوتوودا: ئەوەیە هەڵسەنگاندن بۆ خۆی ئەنجام بدات، بە پێی پێوەرە روون و ئاشکراکان، چالاکی خۆبەخشی و ناخۆبەخشی ئەگەری ئەوەی هەیە کە زۆر لە گرنگی و کاریگەرییەکەی ون بکات ئەگەر نەخرێتەوە بەر پێوەر و هەڵسەنگاندنەکان بەشێوازی ڕیزبەندی (لەکاتی دیاری کراودا)، باشترین کەسێکیش کە بەو کارە هەڵبسن ئەندامانی تیمەکە خۆیانن.

ط/ پێویستە تیمی کار خۆی بپارێزێت لەو نەخۆشیانەی کە دێتە ڕێگای و، گرنگترین ئەو نەخۆشیانە ئەمانەن:



Scanned by DocumentScanner | Lufick

- خۆپارێزی بەردەوام و زیاد لە پێویست و ترسان لەوەی ئەو پێشنیار و پڕۆژانە بکەوێتە دەستی رکابەرەکانت یان لایەنە پەیوەندیدارە بالاکان.

- ئەو پەیوەندیانەی کە لە سەر بنەمای گومان و بلاو کردنەوەی پڕوپاگەندە دادەمەزرێت بەرێگای:

لەوانەیە کەسێك وا بڵێت .... یان لەوانەیە وا ڕووبدات.....، ئەگەری ئەوە هەیە لەو رووداوەوە زەرەری لێ بکرێت..... ئەم شێوازانە لە گوزارشت کردن و پەیوەندییەکان، دەبێتە هۆی رێگری پێکەوە جۆش خواردنی ئەندامانی لەگەڵ یەکتردا. هەمیشە بوارێك بۆ گومان بردن بە یەکتری دروست دەکات.

- کەم بوونەوەی پەرۆشی کار کردن، ساردی گفتوگۆ و وەڕس بوون لە فرە ڕایی، هەموو ئەمانە چالاکی پەك دەخەن، تیمەکە خۆشی لە دەستکەوتەکانی نابینێت، پێویستە هۆکارەکان بزانرێت کاتێك ئەمانە ڕوو دەدەن و بە خێرایی چارەسەر بکرێت.

- خۆپارێزی لە ئاڵوگۆڕی زانیاری، لە کاتێکدا ئاڵوگۆڕی زانیاری زیندوویێتی و ڕاستی بڕیارەکان دەستەبەر دەکات و بە جێ هێنانی کارەکان باشتر دەکات، کاتێك متمانە لە نێو ئەندامانی



Scanned by DocumentScanner | Lufick

تیمەکەدا کەم دەبێتەوە خۆپارێزی دێتە ئاراوە، ئەو کات ڕکابەری و کێبەرکێی نێوان ئەندامان بە شێوازی نێگەتیڤ و ناشایستەیە.

- لە هەندێ تیمی کاردا، کۆبوونەوەی زۆر و بەرهەمی کەم دەبینین، ئەمەش بە هۆی خۆ ئامادە نەکردن بۆ کۆبوونەوەکە و نارۆشنی لە ئامانجی کۆبوونەوەکەدا، بۆیە تیمی کاری باش نرخی کۆبوونەوەی بەرهەمدار دەزانێت و هەر لەو روانگەشەوە کۆبوونەوەکانی ئەنجام دەدات .

## بابەتی دووەم: ئافرەت و کاری خۆبەخشی

سەرگوزشتەی ئافرەت لە جیهانی ئیسلامیدا، سەرگوزشتەیەکی خەمناکە.

لە نیو سەدەی رابوردوودا ئەدەبیاتی رابوونی ئیسلامی بە تەنها گرنگی داوە بە پۆشاکی ئافرەت (حجاب) و، مەرجەکانی کارکردنی و گرفتی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ پیاواندا، بەڵام گرنگیەکی ئەوتۆی نەداوە بە بواری ڕاهێنان و ئامادەکردنی، کە چۆن دایکێکی گەورەو ژنێکی سەرکەوتوو و سەرکردەیەکی خێرخواز بێت. لە ئەنجامی ئەمەدا بەشێکی زۆری ئافرەتانمان لە دەست چوو، جگە لە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

کەمێکی نەبێت هەمووی بازاڕەکان بردیان، ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی سێ بەرامبەری ئافرەتی ئەورووپی خەرج دەکات لە خۆڕازاندنەوە و کڕینی پۆشاکدا، کە ئەمەش جێگای داخە.

ئافرەت بە سروشتی پێکهاتە و بارودۆخەکەی، دەتوانێت بەشداری گەورە پێشکەش بکات، لە بواری کاری خۆبەخشیدا، ئافرەت هەیە خاوەنی داراییە و بەرپرسیارێتی کەسیشی لە ئەستۆدا نییە، بەشێکی زۆر لەو کچانە بە هۆی ئەوەی کە شوویان نەکردووە، ئەو ئافرەتانەی کە منداڵیان گەورە بووە و بەرپرسیارێتیان بەرامبەر خێزانەکانیان کەم بۆتەوە، ئەو ئافرەتانەی کە لە ماڵەوەن و کاتی دەستبەتاڵی زۆریان هەیە، بە تایبەت ئەوانەی کە خزمەتکاریان هەیە و کاروباری ماڵەوەیان بۆ ڕێک دەخەن، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگە ئیسلامیەکان ڕۆژانە دەیان ملیۆن کاتژمێری کار زیان دەکەن، بە هۆی نەبوونی ڕۆشنبیری کاری خۆبەخشی گونجاو بۆ جیهانی ئافرەتی موسوڵمان.

## نموونەی کرداری:

- ئافرەت لە توانایدایە زۆر کاری خزمەتگوزاری خۆبەخشی پێشکەش بکات لە زۆر بواردا لەوانەش: - بەشداری لە پەروەردە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

کردنی منداڵی بێ باوك (نازداران) و ئەوانەی کە باوك و دایکیان نا دیارە، بە ئاراستە کردنیان لە ڕوانگەی ( پەروەردە بە یاری کردن) و گێڕانەوەی چیرۆك و سەرگوزشتە بۆیان.

• ئافرەت دەتوانێت بەشداری بکات لە پەروەردە کردنی کچانی گەڕەك لە ڕوانگەی دانانی هەندێك بەرنامەی پەروەردەیی و خۆشی، لە ڕێگای ئەو ناوەند و ڕێکخراوە خۆبەخشیانەوە کە لەسنوورەکەیدا هەیە، ئافرەتی ئەمریکی لەم ڕووەوە بەرهەمی سەر سوڕهێنەریان هەیە.

• ئافرەت دەتوانێت کچانی خێزانە هەژارەکان شارەزا و کارامە بکات وەك سەرچاوەی دارایی سوود لە تواناکانیان وەربگرێت، لەوانەش فێرکردنی ئیش و کاری دەست، دروومان، شارەزایی دروست کردنی خواردنی جۆراوجۆر و ......هتد.

• ئاڕاستە کردنی کچە لاوەکان کە لە دەروازەی شوکردندان، ڕاهێنان پێ کردنیان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان و هاوسەرداری.

• خزمەت کردن بە ڕێکخراوە خێرخوازیەکان، هەموو ڕێکخراوێك پێویستی بە خزمەتی پاڵپشت و هاوکاری هەیە، وەك دروست کردنی لیست و داتای زانیاریەکان، پەیوەندی کردن بە ئافرەتە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

خاوەن دارایی و خاوەن کارەکانەوە بۆ پێدانی زانیاری لەسەر پرۆژە خێرخوازیەکان، شرۆڤە کردنی بەرنامەی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان کە زۆر زۆرن بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بەدەستەوە گرتنی کاروباری ژمێریاری، زۆر شتی تری لەم جۆرە.

- ئافرەت دەتوانێت لە زۆربەی کاتدا هاوکاری پێشکەشی خەڵکی و ڕێکخراوە خۆبەخشەکان بکات، لە ڕێگەی بەشێك لەو کارەی کە خۆی هەیەتی یان لە دامەزراوە تایبەتەکەیدا دەیکات، پزیشك دەتوانێت هەندێك لە نەخۆشە هەژارەکان ڕۆژانە چارەسەر بکات بێ بەرامبەر بە هاوکاری لەگەڵ بنکە تەندروستی و ڕێکخراوە خۆبەخشەکاندا.

ئەو ئافرەتەی کە پرۆژەی بچووکی هەیە دەتوانێت ڕاهێنان بە کچەکان بکات لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆژەی (بچووك) ئەوانەی لە بواری فێرکردندا کار دەکەن دەتوانن هاوکاری هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری بکەن، ئەوانەی ئارەزووی توێژینەوەی زانستیان هەیە دەتوانن لێکۆڵینەوەی لەسەر پێداویستیەکانی کۆمەڵگە بکەن، پاشان ئەو ئەنجامەی دەیگەنێ دەیدەن بە ڕێکخراوە خۆبەخشەکان.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

من هیوادارم لە هەموو دامەزراوەیەکی خۆبەخشی گەورەدا بەشێك هەبێت بۆ ڕاهێنان و ئامادەکردنی ئافرەتان و کچان بۆ بەشداری کردن لە کاری خۆبەخشیدا، ئەمە باشترین هۆکاری پشتیوانیە بۆ جێگیرکردنی کولتوری (ڕۆشنبیری) کاری خۆبەخشی لای ئافرەتی موسوڵمان.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# چۆن کاری خۆبەخشی بەرجەستە بکەین؟

ئاشکرایە ئەو پێشهاتانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە لە بەرامبەر گەشەدان بە کولتوری تاک و کۆمەڵگە، بریتیە لە بەرجەستەکردنی بیرو تێڕوانینی نوێ و پاشان هەستان بە بڵاوکردنەوە و بەرجەستەکردنی لە کایە کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکاندا، لە ڕاستیدا بەهای هەر بیرو دیدێکی نوێ بریتیە لە توانای بڵاوکردنەوە و جێبەجێ کردنی، ئاشکرایە گواستنەوەی بیرو چەمك و ئاکارە پەسەندەکان بۆ ژیانی پراکتیکی ڕۆژانە پێویستی بە پەروەردەیەکی باش هەیە، چونکە تەنها پەروەردە دەتوانێت مەعریفە بگۆڕێت بۆ کولتور، ئەم پەیامەش کە لە دوو توێی ئەم نامیلکەی بەردەستدایە بۆ ئەو مەبەستەیە.

یەکێك لەو سیستەم و میکانیزم و هۆکارانەی کە کاری خۆبەخشی جێگیر دەکات و بڵاوی دەکاتەوە، هاندانی پێشنیارەکانی تاکە کەسیە، کاری خۆبەخشی لەسەر ئارەزووی بەشداری تاکەکان ڕادەوەستێ بۆ هاوکاری ئەندامە لاوازەکانی



Scanned by DocumentScanner | Lufick

کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی زەوی و ژینگە باشتر فەراهەم بکات بۆ ژیانێکی خۆشتر، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی لە ڕۆڵی شارستانی و کۆمەڵایەتی خۆیان بێ ئاگان، لەبەرئەوە پێویستیان بە کەسانێکی تر هەیە هانیان بدات بۆ کاری خۆبەخشی و لایەنە پۆزەتیڤەکانی و ئەو بەشداریانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە .

**لەم بارەیەوە دەمەوێت ئاماژە بۆ دوو مەبەست بکەم:**

١- بڵاوکردنەوەی گیانی گەشبینی و ئەگەری بە دەست هێنانی پێشکەوتن و گەشەپێدان لە ڕوانگەی زۆربەی پێشنیازە بچووکەکانەوە، ئەو ئەزموونە تاڵەی کە ئوممەتەکەمان چەشتویەتی لەسەدەکانی هەرەس و بێ هیوایی ڕابردوودا وای لە خەڵکی کردووە کە گرنگی چالاکی و کاری خۆبەخشی و پۆزەتیڤانەی بچووک بەهەند وەرنەگرن، ئەمەش وایکردووە کە چاویان تەنها لە سەر جێ بەجێ کردنی کارە گەورەکان بێت، ئەمەش لە خراپترین پاشماوەی کاریگەری ئەو دواکەوتنە شارستانیەیە لە عەقڵ و دەروونی خەڵکدا.

گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە بۆ خەڵکی ڕوون بکرێتەوە کە زەمەنی ئەو پاڵەوانە گەورانەی کە ڕەوڕەوەی مێژوویان دەگۆڕی بەسەرچوو، ئێستە زەمەنی دروست بوونی ملیۆنان پاڵەوانی

بچووکە کە دەتوانن نموونەی ناوچەیی و بچووکی سەرکەوتوو پێشکەش بکەن و کونە بچووکەکان پڕ بکەنەوە. لە پڕۆژە و کار و پیشەکانیاندا سەرکەوتوون، زۆر خەڵکی تریش دەتوانن چاویان لێ بکەن، لە ڕوانگەی کەڵەکە بوونی هەوڵەکانیان و بەخشینە دیاری کراوەکانیان گۆڕانکاری دروست دەکەن لە رووبەری گەڕەکەکەیاندا، زۆربەی خەڵکی بە پێی دیدو بۆچوونێك کار دەکەن کورتەکەی بریتیە لە:

ئەوەی دەمانەوێت ئەگەری سەرکەوتنی نییە، ئەوەی نامانەوێت ئەگەری سەرکەوتنی هەیە، سەرئەنجامیش ئەوەیە لە پشوویەکی کراوەدا دەبن، ئێمە دەمانەوێت بە خەڵکی بڵێین:

زەردەخەنەیەك بە ڕووی کەسێکدا و ڕێنوێنی کردنی کەسێکی تر و ڕێگا نیشاندانی و هاوکاری یەکێکی دی بە کڕینی شتێکی نوێ....هتد. هەموو ئەمانە نیشانەی زیادکردنی شتێکە بۆ سەر کارەکانی کۆمەڵگە، هەر وەك چۆن دڵۆپێك ئاو زیاد دەبێت بۆ ئەستێلێك و کەمێك لە ئاستی ئاوەکە بەرزتر دەکاتەوە، هەروەها لابردنی بەردێك لەنێوان هەزار بەردا ڕۆشتنی مرۆڤەکان بەو ڕێگایەدا ئاسانتر دەکات.

٢/ هاندانی لاوەکان بۆ تاقیکردنەوەی جۆرێکی نویّ لە خۆشی و شادی و کامەرانی ڕۆح.

لە ڕاستیدا کاتێك ئێمە مندالٚ بووین وا گومانمان دەبرد کە بەختەوەری لە وەرگرتندایە، بەلاٚم کاتێك گەورە بووین بۆمان دەرکەوت کە بەختەوەری لە بەخشیندایە. مرۆڤی (گەورە) مەرد هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکات کاتێك دەبینێت ئەوانەی لە دەوروپشتیدان شادن و دلٚخۆشن، ئەو خزمەتەی کە پێشکەشی ئەوانەی دەکەین کە لە دەوروبەرماندان مانای ڕاستەقینە بە ژیانمان دەبەخشێت، وامان لیّ دەکات هەست بە ئارامی و گەشبینی بەلێنی خودا بکەین بۆ چاکە خوازان.

هەست و گیانی موسولٚمانانە بە گشتی ئەوە ڕەد دەکاتەوە کە لەسەر گردەکانی ئازار و نەهامەتی گۆرانی و سروود بچڕێت. ناکرێت تاك پێشکەوتن بە دەست بهێنێت لە ژینگەیەکی وێران و رووخاودا، هەر وەك ناکرێت موسولٚمان مالٚەکەی وا لیّ بکات کە دوورگەیەکی دابڕاو بێت لە ولاٚتێك کە لەناو دەریایەك لە خەم و خەفەت و ئازار دا بژی.

# بەرپرسیارێتی خێزان لە دامەزراندنی کولتوری کاری خۆبەخشیدا

لەگەڵ ئەوەی منداڵ لاپەڕەیەکی سپی نییە چیمان بوێت لە سەری بنووسین، واتە گوێ ڕایەڵی تەواوی پەروەرشیارەکەی ناکات، بەڵام ئەوە چەسپاوە کە مرۆڤ بە مرۆڤایەتییەکی ناتەواو لە دایك دەبێت، چونکە زمان و هەست و پێوەرەکانی ڕاست و هەڵەی نییە، هەروەها مێشکی پێوەری وردی نییە تا بتوانێت جیاوازی لە نێوان شتە گرنگەکان و کەم بایەخدا بکات، لێرەوە خێزان کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لە دروست کردنی خۆشەویستی خێر و خزمەتی گشتی لە دەروونی منداڵدا، هەروەها خێزان دەتوانێت گەشە بە خۆپەسەندی و زۆر سووربوونی بێ سوود لە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیدا بدات، لە لایەکی ترەوە دەتوانێت گەشە بە گیانی کۆمەڵایەتی و خۆنەویستی و قوربانیدان و بەخشندەیی بدات لە دەروونی منداڵەکەیدا .



Scanned by DocumentScanner | Lufick

خێـزان دەتوانێـت کولتـوری خۆبەخشـی لای منداڵـەکانی بچەسپێنێت لە ڕوانگەی ئەم شتانەی لای خوارەوە:

١- هەمیشـە دەڵـێین: پـەروەردە بـە پێشـەنگ، کاریگـەرترین جۆری پەروەردەیە لای منداڵ، لێرەوە تێڕوانینی منـداڵ بـۆ دایـك و باوکی کە هەندێ کاری خۆبەخشی ئەنجام دەدەن، وا لە منداڵـەکان دەکـات کـە لاسـاییان بکەنـەوە و هاوکارییـان بکـەن لـەو کـارە خۆبەخشانەی کە ئەوان دەیکەن:

ئەوەش بەسوودە کە لە ناو خێزاندا باسی ئـەو کـارو چالاکییە خۆبەخشـیانە بکرێـت کـە بـاب و بـاپیران و دایـك و داپیرەکـان ئەنجامیان داوە.

تاوەکو منداڵ هەست بکات کە کـاری خۆبەخشـی سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە، ئەو شتە ئاساییەی کە پێویستە هـەموو کـات ببێـت و ئامادە بێت لە ژیانی خێزاندا .

٢- پاڵنەری شاراوە بۆ بەشداری کردن لە کـاری خۆبەخشـیندا بریتیە لە هەست کردن بە شـەرەفی ئینتیما بـۆ ئـەو کۆمەڵگـەی کە تیایدا دەژی، کە ناوزەد دەکرێت بە (نیشتیمانی بـوون)، ئاشکرایە کە ئەندامێتی راسـتەقینە بـۆ نیشـتیمان لقێکـە لـە ئینتیمـا بـوونی خێـزان و بنەماڵـەکان واتــە بــۆ بازنەیـەکی بچـووکتر، لێـرەوە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

دامەزراندن و چەسپاندنی خۆشەویستی خێر و بەخشین و چاکەکاری لە دڵ و دەروونی بچووکەکان و منداڵەکاندا پەیوەست دەبێت بە هەست کردنیان لە سوپاس کردنی ئەوماڵەی تێیدا گەورەبوون و فێربوون.

بەم شێوەیە ئەو خێزانانەی کە خۆشەویستی پێکەوەی بەستوون و گەورەکان قوربانی دەدەن بۆ بچووکەکان؛ ئەو خێزانانەن کە لاو و تازە پێگەیشتوان ئامادە دەکەن بۆ بەشداری خزمەتی گشتی و هاوکاری هەژاران و بێ باوکان و هەموو خاوەن پێداویستیەکان، ئەو پەیامەی لێرەدا هەیە پێویست بە شرۆڤەی زیاتر ناکات.

٣- زۆربەی زانا ئوسولیەکان بۆچوونیان وایە کە مەبەستی گەورەی شەریعەت (پێنج) شتە:

١.پاراستنی دین، ٢.پاراستنی گیان، ٣.پاراستنی ژیری، ٤.پاراستنی شەرەف و ناموس، ٥.پاراستنی ماڵ و دارایی، خێزانی موسوڵمان دەتوانێت لەم مەبەستانە سوود وەربگرێت بۆ پەروەردەی کۆمەلایەتی و جێگیر کردنی ڕۆشنبیریی چاکەخوازی، بە تایبەتی خوا داوای لە موسوڵمانان کردووە کە پارێزگاری لە حەرام کراوەکانی ئیسلام بکەن، بە پێی توانا بانگەواز بکەن بۆ



Scanned by DocumentScanner | Lufick

چاکەکاری و هەوڵی پابەند بوون بدەن پێیانەوە، لە هەمان کاتدا هاوکاری برا موسوڵمانەکانی ترتان بکەن بۆ ئەوەی بەو ئەرکە هەستن، لە بانگەوازکردنی گشتی و لە ئاستی پابەندی تایبەتی کەسی، بە هەمان شێوە بۆ پاراستنی گیان و ماڵ و دارایی و ژیری و شەرەف و ناموس، موسوڵمان هەوڵ دەدات بۆ پاراستنی ئەم شتانە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا، بە هەمان شێوە هاوکاری ڕۆڵەکانی گەلەکەی دەکات بۆ ئەوەی پابەند بن پێیانەوە. کاتێک ئەم دیدگایە لای خێزانی موسوڵمان روون دەبێتەوە و گرنگی زۆر دەدات بە گەشەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی لە پێکهاتە و کەسێتی نەوەکانیدا، لەهەمان کاتدا گرنگی دەدات بە گەشەپێدانی گیانی خۆبەخشی و بەشداری خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان.

٤- خێزان دەتوانێت ڕاهێنان بە منداڵەکانی بکات لە سەر کاری خۆبەخشی لە ڕوانگەی ڕێکخستنی هەندێک چالاکی لە ناو خێزاندا، بۆ نموونە: هەندێک لە خێزانەکان لەماڵەکانیان دەخیلەیان بۆ منداڵەکانیان داناوە ناویان ناوە ( دەخیلەی چاکە کاری )[1]

(١) دەخیلە سندوقێکی بچووکە، لە پلاستیك یان فایبەر دروست کراوە، لە زۆربەی ماڵەکاندا بۆ منداڵەکان دەکڕدرێت، منداڵەکان بە شێك لەپارەی ڕۆژانەیانی تیادا کۆ دەکەنەوە. وا باشترە منداڵەکەت ڕابهێنیت کە هەندێك جار ئەو برەپارە ببەخشێت (وەرگێڕ)

هەر یەك لە منداڵەکان (١٠٪)ی خەرجی مانگانەی دەگێڕێتەوە و دەیخاتە ناو دەخیلەکە، پاش ماوەیەك لە ئاهەنگێکی خۆشی خێزانیدا دەخیلەکان دەکەنەوە و داهاتەکەی دەبەخشن، هەندێك لە خێزانەکان وا منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن بەشێك لە کاتیان دەبەخشن بەناوی (بەخشینی کات) و سەرپەرشتیاری خێزانەکە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە خۆبەخشییەکان دروست دەکات و ڕێك دەکەون لەسەر شێوازی بەشداریی منداڵەکان، بۆ نموونە: هەفتەی دوو کاتژمێر کاری خۆبەخشی ئەنجام دەدەن بۆ بەشداری کاری خۆبەخشی و هەندێ چالاکی خزمەتگوزاری گشتی.

بە بڕوای من پێویستە لەسەرمان کە بگەڕێین بە شوێن ڕێگەی گێڕانەوەی ئەو سۆز و خۆشەویستیە کە پێشتر لەنێو کۆمەڵگاکانماندا هەبووە، بەتایبەتیش لە لادێکاندا[*] کە گرنگی زۆر

---

(*) کۆمەڵگەی کوردەواری: دەیان و سەدان نموونەی لەم جۆرەی تێدا بووە و ئێستاش هەیە کە هاوکاری ئەو ماڵانە کراوە کە کەم دەست یان نەبوون یان هەر پێداویستیەکیان هەبووبێت، بۆ نموونە: هەموو خەڵکی گوندێك ڕۆژێك پێکەوە جوتیان کردووە بۆ هەژارێکی گوندەکەیان بەمە دەوترێت (گەلەجووت)، جووت کردن = کێڵاندن. یان پێکەوە دروێنەی دەغڵ و دانی ماڵێکی هەژاری گوندەکەیان کردووە بەم کارەش دەڵێن (گەلە درەو ) کە جاران دروێنەی میکانیکی (دەڕاسە) نەبووە. هەزاران نموونەی تریش لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەبوە و ئێستاش ئەو گیانی هاوکاریە لە شارو گوندی کوردستان هەر ماوە، بەڵام لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا پێویستی بە میکانیزم و شێوازی نوێ هەیە، کە دەکرێت ڕێکخراوە خێرخوازی و مرۆڤ دۆستیەکان ئەو ڕۆڵە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

بە سەلامەتی و ئاسوودەیی و دڵنیایی خزمەکان دەدات لەسەر ئاستی خێزانەکان بەگشتی، بڕوام وایە بنەماڵە گەورەکان و هۆزەکان ڕۆڵێکی زۆر جوانیان لەم بارەوە دەگێڕا، لاو و تازە پێگەشتووەکان و ڕۆڵەی هۆزەکان کاری خۆبەخشیان دەکرد و هاوکارییان پێشکەش بە نەدار و خاوەن پێداویستیە جۆراو جۆرەکان دەکرد، چەند دڵگیر و جوانە کە پێداویستی و کەم و کورتیەکان دیاری دەکرا لە ناو هۆزێکدا پاشان کوڕە لاوەکان و ئافرەت و کچان هاوبەشیان دەکرد بۆ دەستەبەرکردنی ئەو پێداویستیانە.

خەڵکی نابینا هەیە پێویستیان بە کەسێك هەیە شتیان بۆ بخوێنێتەوە و هەندێ پێداویستیان بۆ دەسەبەر بکات، قوتابی هەیە پێویستی بە هاوکاری زانستی هەیە لە چەند وانەیەکیدا، بێوەژن و بێ باوك (نازدار) هەیە پێویستی بە چاودێری و هاوکاری هەیە و .....هتد، هەستان بە کاری خۆبەخشی بۆ خزمەتی ئەوانە پەیوەندی خێڵەکی دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی بەرهەمداری مرۆڤ دۆستی.

---

بینن لە کۆکردنەوە و لە خۆگرتنی ئەو هاوکاری و بەشداریانە بە شێوازێك کە لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا گونجاو بێت. ( وەرگێڕ )

# ڕۆڵی دامەزراوە زانستیەکان لە بەرجەستە کردنی کولتوری کاری خۆبەخشیدا

کۆمەڵگاکان پشت بەوە دەبەستن کە دامەزراوە زانستیەکان دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر ببینن لە بنیاتنانەوە و داڕشتنەوەی بیری نەوەی داهاتوو و ئەو بوارەی کە گرنگی پێ دەدەن، ئەو دامەزراوانەش شایانی ئەو متمانەیەن، چونکە ئەو توانا و هۆکارانەیان لە بەردەست دایە، لە توانای دامەزراوە زانستیەکاندایە لە قۆناغە جۆراو جۆرەکاندا کە زۆر لەو کارانە ئەنجام بدەن، بڕوام وایە ئەو بناغە ڕۆشنبیریە قوڵەی کە چالاکیەکانی لەسەر ئەنجام دەدرێت پێویستە ببێتە هۆی گەشەپێدانی گیانی بەشداری و خۆنەویستی و بەرەنگاربوونەوەی گیانی رەگەزپەرستی و چینایەتی، ئەو شوێنەوارە نێگەتیڤەی کە دەوڵەمەندیی نابەجێ لە دەروونی منداڵی هەندێ لە خێزانەکاندا دروستی کردووە. ئەمانەش چەند بۆچوونێکە کە دامەزراوە زانستیەکان دەتوانن ئەنجامی



Scanned by DocumentScanner | Lufick

بدەن، لە قۆناغی بنیاتنان و گەشەپێدانی ڕۆشنبیری کاری خۆبەخشی:

١- (کارەکە) لە باخچەی ساوایانەوە دەست پێ دەکات، چونکە توانای وەرگرتن و بینین و بیستنیان زۆرە، لەوێ منداڵ ڕادەهێنرێت کە خۆی کاروبارەکانی خۆی ئەنجام بدات و پشت بەوی دی نەبەستێت، هەروەها پێویستە گیانی بەشداری کردن و هەست کردن بە ئەوی دی تێیدا بنیات بنرێت، جگە لەمانەش منداڵ هان دەدرێت بۆ بەخشینی بەشێك لەو شیرینیەی لەناو دەستی دایە بە هاوەڵەکانی.

٢- لە قۆناغی سەرەتاییدا، ڕاهێنان بە قوتابیەکان دەکرێت، لەسەر کاری خۆبەخشی، لە ڕێگای بەشداری کردن لە ڕواندن و ئاودان و چاودێری کردنی شەتڵ و درەختەکان، لە ڕێگای پێشکەش کردنی خواردن بە هاوڕێکانی ئەگەر ژەمی خواردن هەبوو، بەشداری کردن لەپاك و خاوێنی و پاککردنەوەی قوتابخانەدا، هەستان بە هەڵمەتی کۆکردنەوەی بەخشین و هاوکاری بۆ پاڵ پشتی چەند پڕۆژەیەك لەناو قوتابخانە یان دەرەوەی قوتابخانە. گرنگە لەم ڕوانگەوە هەندێ لە پڕۆگرامی خوێندن دەوڵەمەند بکرێت بە هەواڵی بەخشینی هەندێ لە خێرخوازەکان و ڕێکخراوە خۆبەخشە

نیشتیمانی و جیهانیەکان و هەندێ لە پرۆژە ئەنجام دراوەکانیان.
وا دەبینم کە ئەم بەرچاو روونیە لە هەموو قۆناغەکانی فێرکردنی بنەڕەتیدا بەردەوام بێت، دەبێتە هۆی دروستکردنی ژێرخانێکی ڕۆشنبیری بۆ کاری خۆبەخشی، ئەم ڕۆشنبیرییە دەبێتە هاندانی کاری چاکە و بەخشین و هاوکاری و لێبوردن، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ جیاکاری ڕەگەزپەرستی و خۆپەسەندی و بەسەر خۆدا داخران و گۆشەگیری لا بێزراو بێت.

٣- شتێك هاوشێوەی ڕێکەوتن (پەیماننامەی کاری هاوبەش) لە نێوان قوتابخانەکان و خانەی چاودێری کۆمەڵایەتی و چاودێری بێ باوکان - نازداران، گرنگە ئەو دامەزراوانەی کە لەم رووەوە خزمەت بە منداڵان دەکەن، لەو کارە هاوبەشانەدا ڕاهێنان بە قوتابییە خۆبەخشەکانی ئەو قوتابخانانە بکرێت، بۆ ئەنجامدانی هەندێ چالاکی زانستی و وەرزشی و خۆشی هاوبەش لەگەڵ منداڵانی ئەو دامەزراوانەدا. ئامانج لەم پرۆژەیەدا پێشکەش کردنی پشتیوانی واتادارە بۆیان، کارکردن بۆ تێکەڵ کردنەوەیان بە کۆمەڵگەو قەرەبووکردنەوەی بەشێك لەوەی لێی بێ بەش بوون لە نازو خۆشی ژیان لەناو خێزاندا.

٤- له قۆناغی دواناوەندیدا قوتابیە زیرەکەکان هان بدرێن بارمەتی ئەو قوتابیانەی تر بدەن کە ئاستی تێگەیشتنیان لە وانەکانیاندا لاوازن، ئەم کارە بێ بەرامبەر یان بە نرخێکی ڕەمزی لە ژێر چاودێری قوتابخانەکەدا، هەروەها دەکرێت قوتابییەکان هان بدرێن بۆ بەشداری لە دامەزراوە خۆبەخشەکاندا کە لەو وڵاتەدا کار دەکەن، ئەنجامدانی ڕاهێنان بە خۆبەخشەکان لەسەر کاری فریاگوزاری و هەڵمەتی نیشتیمانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کارەساتە سروشتی و ڕووداوە لە ناکاوەکان، سەرەڕای نووسینی توێژینەوە لەسەر ئەزموونی خۆبەخشی لە جیهاندا و ئەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی کاری خۆبەخشی دەبێتەوە و شتی تری لەم جۆرە.

٥- دەرچوونی بڕیارێك لە وەزارەتی پەروەردەوە یان لە لایەنە زانستیە هاوشێوەکانیەوە، گرنگە کە بڕوانامەی قۆناغی ناوەندی نەبەخشرێت بە قوتابی دەرچووی ئەو قۆناغە تا بڕوانامەی کاری خۆبەخشی نەبێت لایەنی کەم (١٠٠) کاتژمێری کاری خۆبەخشی، بڕوانامەی دواناوەندی نەبەخشرێت بە قوتابی دەرچووی ئەو قۆناغە تا بڕوانامەی کاری خۆبەخشی نەبێت لایەنی کەم (٢٠٠) کاتژمێری کارکردنی خۆبەخش لە کاتی ئەو قۆناغی خوێندنەدا.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

٦- زانکۆکـان دەتـوانن ڕۆڵێکـی گـرنگ ببیـنن لـە گشـتاندن و بڵاوکردنەوەی کولتوری کاری خۆبەخشی لە ڕوانگەی بە دواداچوون و ڕێکخستنی چالاکیەکان، بۆ نموونـە: لـەو کۆلێژانـەی کـە سـاڵێکی خوێندنی ئامادەکاریـان هەیـە، ئەنجامـدانی چـەند کـاژێرێکی کـاری خۆبەخشی بەشێك بێـت لـە پرۆگرامـی ئـەو سـاڵە، یـان هەنـدێك لـە کۆلێژەکان وەك یەکێك لە پێش مەرجی وەرگرتن بـوونی بڕوانامـەی کاری خۆبەخشی بێت لە بوارێکدا، کە گونجاو و هاوڕێك بێت لەگـەڵ سروشـتی پسـپۆڕی ئـەو کۆلێـژە (بەشـە) دا، بەهـەمان شـێوە لـە کۆلێژەکانی زانستی ئیسلامی و پزیشکی و کۆمەڵناسـی و ژینگـەیی دا، ئەمە نەریتێکـە لـە زۆربـەی زانکـۆ گـەورەکانی جیهانـدا پـەیڕەو دەکرێـت، لـە هـەمووی گـرنگتر راسـتگۆیی و دڵ گـەرمی و گیـانی خۆنەویسـتی و بەخشـندەی بـێ بەرامبـەرە، دوور لـە ڕێکخسـتنی ڕواڵەت بازی و سەرزاری.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# بەشداری هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە گشتاندنی کولتوری کاری خۆبەخشیدا

هیچ کەس ناتوانێت ڕۆڵی گرنگی هۆیەکانی راگەیاندن نا دیدە بگرێت لە دروست کردن و دارشتنەوە و ئاراستە کردن و بایەخ پێدانی بیر و هۆشی تازە پێگەشتواندا، بەو پێیەی دۆزی کاری خۆبەخشی دۆزی گەلە، دۆزی کۆمەڵگەیە بەو شێوەی هۆکاری خۆ پێ گەیاندن (بەرزبوونەوە) و سوود وەرگرتنە لە توانا و کاتی ماوەو زیادە، هۆکاری بڵاوبوونەوەی سوودی گشتیە، هەموو ئەمانە دەخوازێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن چاودێری و گرنگی پێدانی زیاتریان بۆی هەبێت، لەگەڵ ئەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن زۆر لەو ئەرکانە ئەنجام دەدەن کە لێیان چاوەڕوان کراوە لەم بارەوە، بەڵام هۆشیاری سەرەکی لە کاری خۆبەخشی لە ژیانی گشتیدا تا ئێستا ڕوون نییە و پێویستی بە پێگەیشتن و تێگەیشتنی زیاتر هەیە.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

ئـەوەی دەکرێـت هۆیـەکانی ڕاگەیانـدن پێشکەشـی بکـەن بۆ بڵاوکردنـەوەی کولتـوری کـاری خۆبەخشـی لـەم خاڵانـەی لای خوارەوەدایە :

١- ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە خوا خەڵاتی شایان و پاداشتی گـەورەی دانـاوە بـۆ ئەوانـەی کـە کـاری خێـر دەکـەن و تێکۆشـان دەکەن لە پێناو سوودی خەڵکی و هاوکاری کردنیان لەسـەر ئـازار و نارەحەتی ژیان ، ئەمەش گرنگـە چونکە داوای پاداشـت لـە خـوای گـەورە و باڵادەسـت دەبێتـە هـۆی پاڵنـەرێکی بـەهێز بـۆ مرۆڤـی موسوڵمان بە ئاراستەی خۆبەخشی و بەخشین.

٢-بەهێزکردنی پەیوەندی بە ڕێکخـراوە خۆبەخشـەکان و، ئـەو دامەزراوە و دەستەی فریاگوزاریانەی کە کـاری خۆبەخشـی ئـەنجام دەدەن، لە ڕێگەی ڕەخساندنی کاتێکی هەفتانەی بێ بەرامبـەر بۆ ئەوانـەی ئارەزوومەنـدن گفتوگـۆ لەسـەر دۆزە پێویسـتەکان و گرفتەکانی بەردەم کۆمەڵگە و پێداویستیەکانی بکەن.

٣-چـاوپێکەوتن لەگـەڵ خۆبەخشـە سـەرکەوتووەکان بـۆ ناسـاندن و ئاگـاداربوونی خـەڵکی بـە بەخشـین و دەسـت پێشـخەرییەکانیان، ناسـاندنیان وەك ئـامراز و هۆکـاری خێـر و بنیاتنەر.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

٤- تیشك خستنه سەر لەمپەڕ و گرفتەكانی بەردەم كاری ڕێكخراوەكان و دەستە خێرخوازیەكان، هاوسۆزی و پشتیوانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتانەدا.

٥- شتێكی جوان و پەسەندە ئەگەر كەناڵێكی ئاسمانیمان هەبوایە كە گرنگی بە بڵاوكردنەوەی كولتوری خۆبەخشی بدایە، تیشكی بخستایەتە سەر ئەو پڕۆژانەی ئەنجام دراون، ئەو وێنە و كاریگەرییە جوانانەی كە لە ژیانی گەل و نیشتیماندا بە هۆی كاری خۆبەخشییەوە بەرهەم هاتوون.

٦- سایتێكی گەورەی ئینتەرنێت كە گرنگی بەم كارە بدات.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# ڕۆڵی دامەزراوە خێرخوازیەکان لە بڵاوکردنەوەی کولتوری کاری خۆبەخشیدا

دامەزراوە خێرخوازیەکان دەتوانن کاری زۆر گەورە ئەنجام بدەن بۆ جێگیر کردن و بەرجەستە کردنی کولتوری کاری خۆبەخشی، دید و تێڕوانینی بنچینەیی پێویستە بەو ئاراستە هەنگاو بنێت کە: (ئەگەر دەتەوێت بەهێزبیت، کاربکە بۆ بەهێزبوونی ئەو ژینگەی کاری تێدا دەکەیت) .

بە بۆچوونی من ئەو شتانەی دامەزراوە خێرخوازییەکان دەتوانن ئەنجامی بدەن بریتیە لە:

١/ پێویستە لەسەر ڕێکخراوە خێرخوازییەکان پێش هەموو شتێك گرنگی تایبەت بدەن بە دروست کردنی وێنایەکی پۆزەتیڤ و باش لە بیرو هۆشی جەماوەردا بەرامبەر ڕێکخراوەکەیان، تا بتوانن سۆز و متمانەیان بەدەست بهێنن، ئەمەی لەم ڕوانگەوە دەتوانن ئەنجامی بدەن ئەمانەی لای خوارەوەیە:



Scanned by DocumentScanner | Lufick

أ- راكێشانی كەسانی بە توانا و لێهاتووی پسپۆڕی كارگێڕی كە توانای بەڕێوەبردنی كاری دامەزراوەكان و توانای دانانی پلانی گەشەپێدانی داهاتووی هەیە، ئاشكرایە زۆر لە ڕێكخراوە خێرخوازییەكان بە ئاڕاستەی پێچەوانەی ئەم ڕێڕەوە كار دەكەن، بە هۆی ترسان لە كورت هێنانی دارایی و فراوان بوونی خەرجی لەسەر پێداویستیە كارگێڕیەكان، كەسی كەم توانا و كەم ئەزموون دادەنێن بە مووچە و خەرجی كەمتر، كە ئەمە بە بۆچوونی من پەسەند و باش نییە.

پێویستە كاری خۆبەخشی لە بنەڕەتتدا لەسەر بنچینەی متمانە بێت بەوەی كە خەزێنە و گەنجینەی خوای باڵادەست لێوان لێوە لە خێر و بەخشین و داهات، پاشان فەرمانبەری لێهاتوو و سەركردەی داهێنەر دارایی زۆرتر دەستەبەر دەكەن بۆ ئەو دامەزراوەی كە كاری تێدا دەكەن تا ئەوەی لێی وەردەگرن، كە ئەمەش دیار و بەرچاو و هەست پێكراوە، پێویستە فەرمانبەری كاری خۆبەخشی هەست بە جێگیربوونی ژیانی فەرمانبەرایەتی و ڕێژەیەك لە بە دڵ بوونی دارایی بكات تا بتوانێت بە شێوەیەكی سەركەوتوو كارەكانی ئەنجام بدات و بەردەوام بێت لە دامەزراوەكەی دا.

ب/ کۆمەڵە خۆبەخشییەکان پێویستیان بە خۆڕێکخستنەوەی ناوخۆیی هەبێت بە شێوەیەکی زۆر باش و مۆدێرن، بەمەش متمانەیان لای خەڵك زیاد دەکات، گرنگترین شت لەو ڕێکخستنەوەیەدا: کاروباری داراییە، پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی خۆبەخشی تۆمار و کۆمپیالەی دارایی بە ڕوونی و تەواوی ووردەکاری هەبێت، هەموو سەرچاوەی داراییەکانی بە هەمان شێوە ڕوون و ئاشکرابێت، چونکە نازانرێت کەی پرسیارت لێ دەکەن لەسەر شتێ لێرەو لەوێ، ئەم ئامادەکاری و ئەگەرانە ڕێکخراوەکە دەپارێزێت لە نیەت و ئەگەری خراپەکاری لای هەندێ لە فەرمانبەرەکانی ناو ڕێکخراوەکەش.

ج/ بۆ بنیاتنانی وێنەی باش لە بیروهۆشی هاوکارەکان (خێرخوازەکان) و میوانەکاندا رەچاوی پەیوەندیەکان بکەن کە ئەمانەش دوو گرووپن لە خەڵکی:

گرووپی یەکەم: بەخشەر و هاوکارەکان، گرووپی دووەم: ئەوانەی سوود لە پڕۆژەکان وەردەگرن، پەیوەندی باش هەمیشە لەسەر ڕاستگۆی و دڵسۆزی و وردی و بەدواداچوون دادەمەزرێت.

ڕێنمایی و مەرجی بەخشەر (دابین کەری دارایی) پێویستە جێ بەجێ بکرێت، وەك مەرجی ئەو کەسە وایە شتێك (وقف) بکات،



Scanned by DocumentScanner | Lufick

بۆیە پێویستە پابەندیی تەواو هەبێت بە داواکاریەکانی، بەشێوەی بەردەوام پەیوەندی لەگەڵیدا هەبێت، زانیاری پێویستی پێ بدات تا تەواوبوونی ئەو پرۆژەی کە پارەی بۆ دابین کردووە، ئەوانەی کە سوود لە خزمەت و پرۆژەکانی رێکخراوەکە وەردەگرن پێویستە هەست بەوە بکەن کە ئەو خزمەتەیان پێشکەش دەکرێت بەشێوەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو کە پێداویستیەکانیان دابین دەکات و وەڵامی خواستەکانیان دەداتەوە، لە هەمان کاتدا شکۆ و رێزیان پارێزراوە، زۆر لە رێکخراوە خێرخوازیەکان لەم رووەوە هەنگاوی گەورەیان ناوە، بەلام هەندێك لەو رێکخراوانەش بە شێوەیەکی کۆن و نا کارایی ئەو پەیوەندیانە ئەنجام دەدەن.

٢/ئەنجامدانی راهێنان بە ئەوانەی کە ئارەزوومەندن - لە دەرچوانی بەشەکانی زانستی ئیسلامی و دەروونزانی و کۆمەڵناسی- بەتایبەت بۆ پێشکەشکردنی راوێژ لە بوارە کۆمەلایەتیەکاندا، لە هەر کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەکانماندا سەدان هەزار لە پیاوان و ئافرەتان (بێ توانان) لە چارەسەرکردنی گرفت و کێشە خێزانیەکانیان و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ رۆڵەکانیان، بڕوام وایە پێویستە لە هەر شارێك لە شارە گەورەکان رێکخراوێك هەبێت بڕوانامەی (دبلۆم) ببەخشێت لە رێنوێنی کردنی کاروباری خێزاندا، پاش ئەوە رێکخراوەکان زەمینەسازی بۆ تواناکان بکەن و



Scanned by DocumentScanner | Lufick

ئەو ڕاوێژانە وەر بگرن هەرچەندە ئەم کارانە ئێستا هەیە بەڵام لە پانتاییەکی بچووکدا .

٣/ ئــەرکێکی گــرنگ و شــایان لــە بــەردەم دامــەزراوە خۆبەخشـیەکاندایە ئــەویش (بەڵێننامــەی هاوبەشــی) یــە لەگــەڵ دامەزراوە حکومیەکان و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت لـە نـاوخۆی وڵات، لەگـەڵ ڕێکخـراوە خێرخوازییـە جیهانییـەکان لەسـەر ئاسـتی دەرەوە. بەڵێننامـــەی هاوبـــەش واتـــە ڕێکخســـتنی هەوڵـــە خێرخوازیـەکان لـە پێنـاوی گەشـەپێدانی کۆمەڵگـە و دۆزینـەوەی چوارچـێوە و میکـانیزمی زیـاتر کـە یارمەتیـدەر بێـت بـۆ کـاری خۆبەخشی و هاوبەشی و هاوکاری لەگـەڵ خـەڵك و ڕاهێنـان لەسـەر کاری خۆبەخشی.

ئەگەر نموونەی گرفتێکی ئـاڵۆز وەربگـرین لـە زۆربـەی وڵاتـانی ئیسلامیدا بوونی هەیە ئەویش گرفتـی (بێکاری)یـە، بـۆ ئـەم گرفتـە ڕێکخراوە خێرخوازیەکان دەتوانن بە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی میری و کـەرتی تایبــەت رووپێـوی ئـەنجام بـدەن بـۆ زانینـی ژمـارەی بێکارەکان و چۆنیەتی ژیانیان و پێداویستیەکانیان، دەتوانرێت لـە ڕێگای دامـەزراوە قـازانج نەویستەکانەوە ژمارەیـەکی زۆر لـەو لاوە بێکارانـە بخرێنـە سـەر کـار، هەنـدێ لێکۆڵینـەوە لـە ویلایـەتی



Scanned by DocumentScanner | Lufick

(نیوجرسی) ئەوە نیشان دەدات کە تەنها لەو ویلایەتەدا (٢٧٠) هەزار فەرمانبەر لە دامەزراوە قازانج نەویستەکاندا کار دەکەن، ئەم ژمارەیە زۆرترە لە ژمارەی کارمەندانی هەر بوارێکی کارکردن، وەك کەرتی بیناکاری و گواستنەوە و دارایی، ئەو ژمارەیەی کە ئاماژەمان بۆ کرد لە (٢٥٠٠) دامەزراوەی خۆبەخشی و قازانج نەویستی دا کار دەکەن.

بەڵێننامەی هاوبەش ڕێگە دەدات بە ڕێکخراوە خێرخوازیەکان جگە لەوەی ئاماژەمان پێ کرد، سوود وەربگرن لەو شێوازی بەڕێوەبردنە پێشکەوتووەی کە لە کەرتی تایبەتدا هەیە، ئەمەش وای لێ دەکات سوود لە هەموو ئەزێنیەکانی کرانەوە و تێکەڵ بوون لەگەڵ خەڵکدا لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات وەربگرێت، هەروەها دەتوانێت بەڵێننامەی هاوبەش لەگەڵ ئەو لایەنانە بکات کە پاڵپشتی چالاکیەکانی دەکات، وەك چێشتخانە گەورەکان کە دەتوانێت ژەمی خواردنی سووك بە نرخێکی کەمتر پێشکەشی خۆبەخشەکانی بکات، هەروەها بەڵێننامەی هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیاکانی گواستنەوە و میوانخانەکان و ئەو دامەزراوانەی کە پێداویستی ئاهەنگ و کۆبوونەوە گشتیەکان ساز دەکات ئەنجام بدات، لەگەڵ مەڵبەندەکانی ڕاهێنان کە سەر بە دامەزراوە حکومی و تایبەتەکانە، بۆ ئەوەی ڕاهێنان بە کارمەندانی ڕێکخراوە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

خێرخوازیەکان بکات، هەروەها بە ئەوانەش کە بەخۆبەخشی هاوکاری ڕێکخراوە خێرخوازیەکان دەکەن و ئامادە دەکرێن بۆ بەشداری چالاکی خۆبەخشی، پێویستە هاوکات لەگەڵ ئەمانەشدا پەیمانی هاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیا سەرکەوتوەکاندا ببەستێت بۆ سوود وەرگرتن لە هاوکاری و ڕاوێژی بەڕێوەبردن و ڕاگەیاندن و بازاڕسازی لە ڕوانگەی ئەو ئەزموون و ئامێرانەی کە لەبەر دەستی کۆمپانیاکانە، پەیمانی هاوبەش لەگەڵ ئەوانەی کە ناسراون بە (ئەستێرەکانی کۆمەڵگە) لە زانایانی گەورە و خاوەن کار و کەسایەتیە گشتیەکان، کە خاوەن ناوبانگی فراوانن، بەشداری ئەمانە لە چالاکی دامەزراوە خۆبەخشیەکاندا لای خەڵکی متمانە و بەشداری و دڵنیایی زیاتر بۆ ڕێکخراوەکان دروست دەبێت، کە زۆر پێویستی بەوانە هەیە، ئەمەش وا دەکات ئەوانەی کە بەو ئەستێرانە سەرسامن دەبنە بەشدار و پشتیوانی کاری خۆبەخشی.

٤/ بەرجەستەکردنی کولتووری کاری خۆبەخشی و بڵاوکردنەوەی، دەخوازێت لە دامەزراوە خێرخوازیەکان کە ئامادەییان هەبێت لەو بوارانەی کە پەیوەندی و بەیەك گەیشتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی فەراهەم دەکات، چونکە ئەوە ناوبانگ و پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی گەورەی لێ بەرهەم دێت، ئەو بوارانەش



Scanned by DocumentScanner | Lufick

بواری فێرکردن و ڕاهێنان و ڕۆشنبیرکردنە، لە توانای دامەزراوە خێرخوازیەکاندایە لەم بوارەدا ئەم کارانە بکەن:

أ-باوەڕبوون بەوەی کە ڕۆشنبیرکردن و فێرکردنی مرۆڤ بە شێوەیەکی باش گرنگیی کەمتر نییە لە خواردن پێدان و پۆشتەکردنەوەی، بەڵکو گرنگترە چونکە فێرکردن گۆڕانکاری لە کەسێتی فێربوودا دەکات، لە مرۆڤێکی بەکاربەرەوە دەیکات بە مرۆڤێکی بەرهەمهێن و پێشکەشکاری خزمەت و هاوکاری.

ب/ هەر ڕێکخراوێکی خۆبەخشی (٢٠٪ )ی داهاتەکەی تەرخان بکات بۆ بەخشین بە قوتابیانی زیرەك و لێهاتوو لە ڕۆڵەی هەژارەکان، بە ناردنیان بۆ دەستخستنی بڕوانامەی باڵا لە ناو وڵاتدا. هاوشان لەگەڵ دامەزراندنی دامەزراوەی فێرکاری و زانستی جۆراوجۆر کە لەمەودوا باسی دەکەین.

ج/ پشت کردنە خوێندنەوە لای نەوەکانمان هەست پێ دەکەین، زۆربەی خێزانەکان کارێکی وا ئەنجام نادەن بۆ گۆڕینی ئەو بارە نا دروستە، بۆیە پێویستە لەسەر ڕێکخراوە خێرخوازیەکان هاوکاری بکەن بۆ بنیاتنانی پڕۆژەیەکی نیشتیمانی بۆ خوێندنەوە، کە لەو پڕۆژەدا بەرنامەی هاندان بۆ خوێندنەوە نیشان بدەن، دەرفەت بڕەخسێنن بۆ منداڵ و لاو و گەورەکان لە ڕوانگەی

بنیاتنانی (گۆشەی خوێندنەوە) لە گەڕەکەکان لە ڕێگای نووسینی زنجیرە پەرتووکێك (نووسراوێك –نامیلکە) بۆ ئاسان کردنی زانیاری و هەندێکی تر بۆ چیرۆك و سەرگوزشتە بۆ منداڵان، لە هەموو ئەم ڕێگایانەوە رۆشنبیرکردنی جەماوەر دێتەدی بەرامبەر کاری خۆبەخشی، زیاتر لەوەش بۆ دۆزینەوەی ڕێگای پەیوەندی کردن و بەشداری کردنیان لە کاری خۆبەخشی دا .

د/ دامەزراندنی وەرشە و شوێنی کار بۆ مەشق و راهێنان لەسەر نووسینی رۆژنامەوانی و داهێنانکاری و ژیری و ئامادەکاری نووسینی پەڕاو و نامیلکە و ئەو شتانەی کە لەم جۆرەن، ئەمانە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ ژمارەیەکی زۆر لە لاوان بۆ چوونە ناو جیهانی بەدیهێنانی زانستی، ئەو لایەنانەی کە لەم بوارانەدا شارەزاییان هەبێت ئەوەندە کەمن نزیکن لە نەبوونەوە. ئێمەش هەمیشە دەڵێین: کاری خۆبەخشی شێوازێکە بۆ پڕکردنەوەی ناتەواوییەکان و دەرك کردن بە کەم و کوڕی کار و سیستەم، گرنگی دان بەو شتانەی کە کەس گرنگی پێ نادات.

هـ/ لە هەموو ئەمانەی پێشوو گرنگتر ئەوەیە، کارکردن بۆ بنیات نانی دامەزراوەی زانستی (فێرکاری) خۆبەخشی و قازانج نەویست کە دەست پێ بکات لە باخچەی ساوایانەوە کۆتایی بێت



Scanned by DocumentScanner | Lufick

بە زانکۆ، لە ڕاستیدا کەرتی فێرکاری میری (حکومی) لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبیدا دەناڵێنێت بە دەست چەق بەستوویی و لاوازی و شێوازی کۆن لە بەڕێوەبردن و فێرکردندا، بەڵام فێرکاری تایبەت (ئەهلی) گرفتی لە دوو شتی بنەڕەتیدا هەیە:

یەکەم: گرانی نرخی تێچوونی خوێندن بۆ زۆربەی خەڵکی.

دووەم: باڵادەستیی تێڕوانینی بازرگانی. زۆر گونجاوە لە دامەزراوە فێرکارییە قازانج نەویستەکاندا چەند وانەیەک بخوێنرێت پاڵپشتی کولتووری کاری خۆبەخشی بکات لای فێرخوازەکانی، لەوەش زیاتر بە دانانی بەرنامەی ڕاهێنان لەسەر کاری خۆبەخشی، بەستنی (پەیمانی هاوبەش) بە جۆرێک بەشداری فێرخوازەکان (قوتابیەکان) دەستەبەر بکات لە ئەنجامدانی پرۆژەی ڕێکخراوە خۆبەخشیەکاندا، بە پابەندی ئەوەی کە دووچاری ئەو گرفتانە نەبنەوە کە خوێندنی میری (حکومی) و تایبەت (ئەهلی) بە دەستیەوە دەناڵێنن، ئەمریکا لەم بوارەدا شارەزایی باشی هەیە، لە سیستەمەکان و دامەزراوە خێرخوازیەکان و دەوڵەمەندە خێرخوازەکان، توانیان زۆر زانکۆی بەرز و بە ناوبانگی جیهانی بنیات بنێن، گرنگە هەمیشە ئەم دامەزراوانە بناغەیەکی وەقفیان



Scanned by DocumentScanner | Lufick

هەبێت، بۆ ئەوەی تێچووی بەڕێوەبردنیان دابین بکات واتە (بەڕێوەبردنی خۆیی) فەراهەم بێت.

٥/ ئەم سەردەمە سەردەمی تایبەتمەندیە، چونکە سەرکەوتنی نایاب بە دەست نایەت بەبێ تایبەتمەندی، تایبەتمەندی پێچەوانەی پەرتەوازە بوون و بڵاوبوونەوەیە، پەرتەوازە بوون واتە پێشکەش کردنی زۆر پرۆژەی خزمەتگوزاری کە پەیوەندیان بەیەکەوە نییە، یەکێك لە لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشان دەدات کە (٥٪)ی دامەزراوە و ڕێکخراوە خێرخوازیەکان تەنها بە یەك چالاکیەوە سەرقاڵن (تایبەتمەندن) وە (٧٥٪)ی دامەزراوە و ڕێکخراوەکان سێ بۆ پێنج چالاکی ئەنجام دەدەن، ئەم دیاردەیە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

یەکەم: زۆربەی ئەوانەی کە کاری خۆبەخشی ئەنجام دەدەن ئەو سوود و گرنگیە نازانن کە دەستیان دەکەوێت ئەگەر تەنها یەك جۆری چالاکی خۆبەخشی ئەنجام نەدەن.

دووەم: نەبوونی پەرۆشی و ئامادەیی هەندێك لە خێرخوازان بۆ پشتیوانی کردنی هەندێك چالاکی و پرۆژە، بەڵکو تەنها چاویان لە پرۆژەیەکی دیاریکراوە، ئەمەش وای لە دامەزراوە خێرخوازیەکان کردووە کە چەند پرۆژە و چالاکییەکی جۆراوجۆر

ئەنجام بدەن تا هەندێك داراییان دەست بكەوێت بۆ ئەوەی تێچووی كاروباری كارگێڕی و بەڕێوەبردن پڕ بكەنەوە، ئەم چەمكە بە ڕوونی هەستی پێ دەكرێت لەو كۆمەڵگایانەی كە تا ئێستا كاری خۆبەخشی لەسەرەتادایە و كار بۆ دەسەبەركردنی پێداویستیە بنەڕەتیەكان دەكەن: وەكو خۆراك، پۆشاك، چارەسەری نەخۆشی، بەڵام گرنگە كاری خۆبەخشی لە جیهانی ئیسلامیدا ئامانجەكان و جۆراو جۆر و پڕۆژەكانی سەرجەم بوارەكانی ژیان بگێڕێتەوە، جەوهەری و تەواوكاری و تەرفیهی و ....هتد، كار لەسەر ئەوە بكەن هەر دامەزراوەیەك گرنگی بە یەك جۆر چالاكی یان دووجۆر بدات كە پەیوەندی بەهێزیان پێكەوە هەبێت، من بڕوام وایە كۆمەڵگە موسوڵمان نشینەكان لە سەرەتای ڕاپەڕینی شارستانیدان، ئەمەش نیشاندەری پلەبەندی گرنگی چالاكی و پڕۆژەی جۆراو جۆرە كە پەیوەندی بە بوژانەوەی لایەنی ژیری و ڕۆحی و ڕەوشتیەوە هەیە، پێویستە چاودێری و هاوكاری جێگیربوونی ئەو هۆشیاریە بكەین، لەو دامەزراوانەی كە پێویستە هەمەلایەن و جۆراو جۆری فەراهەم بكات جگە لەوانەی ئاماژەمان بۆ كرد-بریتیە لە:

أ/ دامەزراوە خێرخوازیەكان، كە ئەركیان دابین كردنی دارایی بێت بۆ پڕۆژە بچووكەكان، پێشكەش كردنی پشتیوانی بۆ ئەو



Scanned by DocumentScanner | Lufick

مرۆڤانەی دەیانەوێت کار بکەن و بژێوی ژیانیان دابین بکەن بەڵام پێویستیان بە بڕێك پارەی کەم هەیە کە هەندێك جار (١٠٠– ٢٠٠) دۆلارە، لە وڵاتێکی وەك بەنگلادیش دەتوانین گرفتی هەژاری مرۆڤێك چارەسەر بکەین بەوەی تۆڕ یان بەلەمێکی ڕاوەماسی بۆ دابین بکەین، هەندێ جار دەتوانین گرفتی هەژاری خێزانێك چارەسەر بکەین لە ڕوانگەی راهێنان بە دایکی منداڵەکانی لەسەر دروومان و دەستەبەرکردنی یەك مەکینەی دروومان تا بتوانێت بە کاری بهێنێت.

زۆر وڵاتی ئەفریقا بەوە ناسراوە کە زەوی بە پیتیان هەیە، دەتوانین بەشداری لە چارەسەرکردنی گرفتی خێزانێك بکەین بە دابین کردنی مانگایەك یان سێ بزن یان دە مریشك، هەندێ خێزان پێویستیان بە دابین کردنی تۆوی خاوێن یان پەینی کیمیای هەیە، تا کاروانی بەرهەم هێنانی بکەوێتە جووڵە، ئیتر پێویستی بە هاوکاری کەسانی تر نابێت، کەواتە ئێمە لە هەموو وڵاتانێکی ئیسلامی پێویستمان بە دامەزراوەی وا هەیە کە ئەرکیان دابین کردنی دارایی (پارە) بێت بۆ پرۆژە بچووکەکان، دابین کردنی پشتیوانی دارایی بۆ چالاکی دیاری کراو بە بڕێك پارە لە (٣٠٠٠) هەزار دۆلار واتە ٣٠ وەرەقە زیاتر نەبێت.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

لە ڕاستیدا هاوەڵانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەوان پێشەنگ بوون و بیری هاوکاری بچووکیان داهێنا لە ڕێگای بەخشینی خورمایەك یان دوو دەنکە خورما یان وەقف کردن و بەخشینی شتومەکێ کەنرخی کەمە، هەندێکیان بێژنگ و هەندێکیان هێڵەك و بێڵ و تەور و ئەوراسیان(*) وەقف کردووە، هەندێ لە خێزانی هاوەڵان ئاڵتونەکانیان وەقف دەکرد بۆ ئافرەتانی هەژار لە کاتی بوکێنیدا یان لە کاتی ئاهەنگ و بۆنەی تایبەتدا و پاشان دەگەڕایەوە بۆ خاوەنەکەی، تا ئەم شێوازە ئاراستەیەکی گشتی وەرگرت، تەنانەت یەکێك لەوانەی کە ئەو مێژووە دەگەڕێنێتەوە دەڵێت: کەس لە هاوەڵان نەمابووەوە کە بتوانێت شتێك وەقف بکات تا وەقفی کردووە و ئەنجامیداوە. ئەمڕۆ زۆر پێویستمان بەو شێوازە لە بەخشین و وەقف کردن هەیە.

ب/ پێدانی قەرز (قەرزی بێ سوو ) سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ هاوکاری ئەندامە لاوازەکانی کۆمەڵگە، ئیمامی ئەحمەد و ئەوانی تریش دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ دەفەرموێت: (پێدانی قەرز

---

(*) (بێژنگ،هێڵەك ،بێڵ و ئەسپەرە ،تەور و تەور داس) ئەمانە کەرەسە و پێداویستی سادەی ژیانی لادێ و دەشتەکین، ئەو کاتە ئەم پێداویستیانە بناغەی بەڕێوەچوونی ژیانێکی ئاسایی بوون، هەر وەك لە لادێکانی کوردستانیشدا ئەم کەل و پەلانە بەکار هێنراوە (وەرگێڕ).



Scanned by DocumentScanner | Lufick

بەشێکە لە چاکەکاری و صەدەقە، ئەگەر موسوڵمانێك قەرزی هەزار دۆلاری دا بە برا موسوڵمانەکەی ئەوە وەك ئەوە وایە پێنج سەد دۆلاری پێ ببەخشێت، ئەمەش شتێکی باش و گەورەیە.

لای زۆربەی خەڵکی دارایی (پارە) زیاد لە پێویست هەیە و لە بانکەکاندا دانراوە بە ملیارەها نەك بە ملیۆن، هیچ سوودی لێ وەرناگرن، ئارەزوومەندنین وەبەرهێنانی پێوە بکەن، ژمارەیەکی زۆر لە لاوان هەیە لە کوڕان و کچان و خاوەن خێزان کە بیر و پرۆژەی وەبەرهێنانی باشیان هەیە، بەڵام پارە و پشتیوانی داراییان نییە، بۆیە بڕوام وایە کە کاری دامەزراوەی (قەرزبەخش)ە کە شێوازێکی باش بۆ بەکارهێنانی ئەو سەرمایانە لە پشتیوانی ئەو پرۆژانە دەسەبەر بکات، تا هەزاران سوودی لێ وەرگرن، پێویستە دڵنیایی کاریگەر و پراکتیکی هەبێت بۆ گەڕاندنەوەی ئەو قەرزانە، هەموومان ئەو ئەزموونە گەورەیە دەزانین کە (د.محمد یونس) لە وڵاتی بەنگلادیش ئەنجامیدا، کە بریتییە لە دامەزراندنی (بانکی هەژاران) بۆ پێدانی قەرز، سەدان هەزار لە هاوڵاتیانی بەنگلادیش لێی سوودمەندبوون لە ڕێگای وەرگرتنی قەرزی بێ سوو، ژیانیان گۆڕا بۆ خێزانی بەرهەمهێن کە پێداویستی خێزانەکانیان دابین دەکەن و هاوکاری ئەوانی تریش دەکەن، ئەم ئەزموونە لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا دووبارە کراوەتەوە و سەرکەوتنی باشی تۆمار



Scanned by DocumentScanner | Lufick

کردووە، من هیوادارم لە هەموو شارێکدا دامەزراوەیەک هەبێت کاروباری ( قەرزی بێ سوو) رێك بخات و چالاکی بکات، ببێتە بەشێك لە ڕۆشنبیری مرۆڤی موسوڵمانی ئاسایی.

ج/ بڕوام وایە رێکخراوە خێرخوازیەکان لێپرسراوێتی سەرەکییان لەسەرە بۆ بڵاوکردنەوەی کولتوری کاری خۆبەخشی، ئەو بەرپرسیارێتیەش هۆشیارکردنەوەی خەڵکیە بە جۆری ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان خۆیان و پارەکەیاندا پێویستە ببێت، زۆر لە دەوڵەمەندەکان خۆیان دەگرنەوە لە بەخشین لە پێناوی خودا دا بە هۆی نەزانین و ئاگادار نەبوونیان لە راستیەکی گرنگ، ئەویش ئەوەیە پەیوەندیان بە سامان و داراییان زۆر جار پەیوەندیەکی خەیاڵیە بە هۆی ئەوەی توانایان لە خۆشی وەرگرتن لە سامانەکانیان سنووردارە، کاتێ دەوڵەمەندێکی گەورە پێویستی بە سەد هەزار هەیە لە مانگێکدا بۆ ئەوەی ژیانێکی ئاسوودە و خۆش گوزەران بژی، پەیوەندی بەو ملیۆنانەی کە مانگانە دەچێتە سەر حسابەکەی پەیوەندییەکی خەیاڵیە.

زۆر جار ناتوانێت بزانێت ڕۆژانە چەند دەچێتە سەر حسابەکەی، گرفتی گەورەتر ئەوەیە کە ئەو داراییانە لە سەرچاوەی نادروست و گوماناوییەوە بێت، مرۆڤ لەو کاتەدا خۆی



Scanned by DocumentScanner | Lufick

دەبینێتەوە لەژێر زیانی ئەو پارە و سامانەدا بێ ئەوەی هیچ خۆشییەکی بچێژێت و، جێگای سەر سوڕمانە کە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بۆ ئەم مانا و ناوەڕۆکە گەورەیە چەند وشەیەکی کەمی ئاڕاستە کردووە، کە ئیمامی موسلیم دەری هێناوە: ( يقول ابن آدم مالي مالي، قال وهل لك يا ابن آدم من مالك الا ما اكلت فأفنيت أو لبست فأبليت او تصدقت فأمضيت )؟

واتە: ئەوەی ئادەم دەڵێ پارەکەم پارەکەم، پێی دەڵێین: ئایا پارەت هەیە جگە لەوەی کە خواردووتە و تەواو بووە، یان پۆشاوتە و دڕاوە، یان بەخشیوتە و ڕۆیشتووە؟

لەسەر ڕێکخراوە خێرخوازیەکان پێویستە کە ئەم بۆچوونە دەوڵەمەند بکەن بە نموونە و بەڵگەی زیندوو، هەندێك لە دەوڵەمەندەکان بە جۆرێك سەیری پارە دەکەن کە کردویانەتە ئامانج، بە بێ ئەوەی بزانن چۆن سوودی لێ وەردەگرن.

بە شێوەیەکی باش بۆیان روون بکەینەوە کە چۆن پەیوەندییان بە سامان و داراییەکانیان لە پەیوەندییەکی کاتیەوە دەگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی هەمیشەیی نەبڕاوە ئەویش کاتێك دەبێت کە لە پێناوی خوادا بیبەخشین.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

د/ جولەکەکان دەڵێن: دەست بەسەر ئاڵتوندا بگریت دەست بەسەر هەموو جیهان دا دەگریت، پاشان وتیان هەرکەس دەست بەسەر راگەیاندن دا بگرێت دەست بەسەر هەموو هەموو جیهان دا دەگرێت، چونکە راگەیاندن هەست و ژیری مرۆڤەکان دادەڕێژێت، خۆزگە و ئارەزووەکانیان ئاڕاستە دەکات، بۆیە پێویستە رێکخراوە خێرخوازیەکان گرنگی بە راگەیاندن بدەن، بەڵام راگەیاندن کارێکی پیشەیی زۆر وردە، بۆ سەرکەوتن لەو کارەدا پێویستیان بە کارمەندی کارامە و راهێنراو هەیە، پێویستیان بە دارایی باش دەبێت، لەوانەیە ئاسان نەبێت هەموو رێکخراوێکی خۆبەخشی بتوانێت ئەو ئەرکە ئەنجام بدات بە ئاستێکی باش و خوازراو، بۆیە بۆچوونم وایە کە گرنگە لە هەموو وڵاتێکدا دامەزراوەیەکی خۆبەخشی هەبێت کاری ناساندنی رێکخراوە خێرخوازیەکانی ئەو وڵاتە بێت لەسەر ئاستی پێکهاتە و تایبەتمەندی و خواست و پڕۆژە و بەرهەم و پێداویستیەکانیان، دەتوانێت خۆی ببێتە هۆکاری پەیوەست بوون و ناساندن لە نێوان بەخشەرەکان و وەرگرەکان لەلایەک، لە نێوان رێکخراوە خێرخوازیەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە لایەکی ترەوە، خەڵکی بە شوێن لایەنێکی خۆبەخشی دا دەگەڕێن کە متمانەیان پێی هەبێت، پێویستیان بەو زانیاریانە هەیە کە بزانن چ جۆرە پڕۆژەیەکی خۆبەخشی لە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

وڵاتەکەیاندا هەیە کە گونجاو بێت و لەگەڵ خواست و خولیای ئەواندا هاوتەریب بێت، تا پێی ببەخشن و پارەی بۆ دابین بکەن، ڕێکخراوە خێرخوازیەکان بە هۆی ڕاگەیاندنەوە دەتوانن هەموو ئەو زانیاریانە دابین بکەن.

هـ/ زۆر پڕۆژە و کاری خۆبەخشی هەیە ناتوانرێت ئەنجام بدرێت بە بێ هاوبەشی بەهێز و فراوان لەگەڵ دامەزراوە خۆبەخشەکان لە ناوەوەی وڵاتدا، ئەم هاوپەیمانیە دەتوانێت تا ڕادەیەکی باش هەماهەنگی نێوان دامەزراوە خۆبەخشەکان دابین بکات، هەروەها دەتوانێت ڕێگری بکات لە چڕبوونەوە تەنها لەسەر چالاکیەکان بەڵکو گرنگی دان بە ئامانجی چالاکیەکان، هەروەها ئەم هاوپەیمانیە دەتوانێت لە توندی ڕکابەری نێوان ڕێکخراوەکان کەم بکاتەوە و هاوکاری یەکتر ناسینیان زیاتر بکات، هاوپەیمانی پێشنیارکراو پێداویستیەکی گرنگە لە پێناو دامەزراندن و دانانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵاتی هاندان بۆ چوونە ناو کاری خۆبەخشی، ئێمە هیوادارین کە باشترین خەڵات هەبێت بۆ باشترین شار کە بەشداری هەبێت لە کاری خۆبەخشی دا، بۆ باشترین زانکۆ و باشترین قوتابخانە، باشترین کۆمپانیا و باشترین دامەزراوەی حکومی، ئەوانەی کە ئەو خەڵاتە وەردەگرن وەك میوانی پایەبەرز (فەخری) لە بۆنە و یادە نیشتیمانی و فەرمیەکاندا مافی بەشداری



Scanned by DocumentScanner | Lufick

کردنیان هەبێت، لەوانە زیاتر کە لە پێشەوە ئامارەمان بۆ کرد، ڕێکخراوە خۆبەخشەکان پێویستیان بەلایەنێك هەیە کە بڕوانامەی (نایاب) ی یان پێ بدات و پۆلێنیان بکات لەسەر چەند بنەمایەك وەك چۆن میوانخانە و یانە وەرزشیەکان پۆلێن دەکرێن، ئەمەش بۆ ئەوەی وەك هاندان بێت بۆ گەشەپێدان و باشتر کردنی ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، بڕوام وایە ئەو هاوپەیمانێتیە باشترین پێکهاتە بێت کە بتوانێت ئەو پۆلێنە بکات.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# ڕۆڵی حکومەت لە بڵاوکردنەوەی کولتوری کاری خۆبەخشی دا

لە زۆربەی وڵاتە تازە پێگەیشتوەکاندا دیاردەیەکی هاوبەش هەیە لە نێوانیاندا بە هۆی زۆری دەزگاکانی حکومەت و فراوانی ئەو بوارانەی کە کاری تێدا دەکەن، بۆچوونێکی لای هاوڵاتیان دروست کردووە کە دەوڵەت (حکومەت) دەتوانێت هەموو شتێك بکات، یان پێویستە لەسەری هەموو شتێك بکات، ئەمەش وای لێ کردوون هەست بە بەرپرسیارێتی ناکەن بەرامبەر کێشە و گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگە، لە ئەنجامدا بووەتە هۆی ئەوەی ئەو هەوڵ و تێکۆشانە خۆبەخشانەی بۆ کۆمەڵگە خەرج دەکرێت زۆر کەمە، ئەگەر بەراورد بکرێت بە وڵاتە پێشکەوتوەکان. لێرەوە بڕوامان وایە پێویستە لەسەر حکومەت هەوڵ و تێکۆشانی زۆر بدات لە پێناوی هاندانی دەستپێشخەری تاك بۆ کاری خۆبەخشی، تا ئەو بیر و باوەڕەیان بۆ دروست ببێت کە شێوازی بنەڕەتی لە جووڵە و کارە کۆمەڵایەتیەکانیاندا ڕێگە پێدراوە و ستایش دەکرێت نەك



Scanned by DocumentScanner | Lufick

قەدەغەكراو، ئەوەی كە خەرجی دەكەن لە تێكۆشان و كاتی خۆیان لە پێناوی سوودی گشتی دا جێگەی رەزامەندی و پشتیوانی دەزگا جۆراو جۆرەكانی حكومەتە.

**ئەو داواكاریە گرنگانەی كە پێویستە حكومەت لەم بوارەدا ئەنجامی بدات:**

١/ دروست كردنی دەستەیەكی نیشتیمانی باڵا كە چاودێری كاروباری بەخشین بكات و دەستپێشخەری خۆبەخشی رابگەیەنێت، بناغەی بەشداری فراوان دابرێژێت لەنێوان دەزگا و دامەزراوەكانی حكومەت لەلایەك و دامەزراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و بواری كار لە لایەكی ترەوە، گرنگە شێوازی گشتی ئەو دەستەیە میللی بێت نەك فەرمی و، خۆبەخشەكان سەركردایەتی بكەن نەك فەرمانبەران.

٢/ هاندانی دروست كردنی رێكخراوێكی بەهێز لەسەر ئاستی هەموو وڵاتانی جیهانی ئیسلامی، كە ئەركی رێكخستنی پەیوەندی و هاوكاری كاری خۆبەخشی بێت بۆ فریاگوزاری و رووبەڕووبوونەوەی كارەساتە سروشتیەكان و قەیرانەكان و دەرهاویشتەكانی جەنگ و بە هاناوەچوونی ئاوارەكان، ئەم رێكخراوە چەترێك بێت هەموو ئەو دامەزراوانە كۆ بكاتەوە كە كاری



Scanned by DocumentScanner | Lufick

خۆبەخشی گشتی ئەنجام دەدەن، پێویستە ئەم ڕێکخراوەش لە لایەن خۆبەخشەکانەوە بەڕێوە ببرێت و چاودێری بکرێت.

٣/ هاندانی وەزارەتەکان و دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان و کۆمپانیاکان بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەشێکی تایبەت، کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری خۆبەخشەکان بێت بە دانانی بەرنامەی کاری تایبەت و ئەنجام دانی ڕاهێنان لەسەر کاری خۆبەخشی لە بوارە جیاوازەکاندا .

٤/ فراوان کردنی دەسەڵات و بەرنامەی دامەزراوە تایبەتەکانی حکومەت بە کاری فریاگوزاری و بەرگری شارستانی، بۆ ئەوەی بوار بۆ لاوەکان بڕەخسێنێت تا پشتیوانیان بکەن لە ئەنجامدانی ئەرکی سەر شانیاندا، لەسەر بەرگری شارستانی —بۆ نموونە: پێویستە چاپ کردنی بڵاوکراوە و نامیلکەی تایبەت لەسەر کاری خۆبەخشی و ئەو دەرفەت و پرۆژانەی کە دەتوانن بۆ لاوەکان دەستەبەری بکەن، میکانیزمی هاوکاری لەگەڵ سەنتەری لاوان و پەیمانگا و زانکۆکان لەم بوارەدا زۆر پێویستە، جگە لەمانەش فراوان کردنی چالاکی و پێشکەش کردنی خول و ڕاهێنان بۆ خۆبەخشەکان لە بواری فریاگوزاری و ڕزگارکردن و ڕێگاکانی چۆڵکردن و فریاکەوتنی سەرەتایی و ڕێگاکانی پاراستنی گیان و



Scanned by DocumentScanner | Lufick

مالی هاوڵاتیان لە کاتی ئاگر کەوتنەوە و کارەساتی سروشتی و لافا و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا قوڵ کردنەوەی چەمکی خۆپارێزی و سەلامەتی لای هاوڵاتیان بە گشتی.

٥/ هاوکاری دامەزراوە حکومیەکان لەگەڵ رێکخراوە خۆبەخشییەکاندا بۆ دانانی ئامانجی ستراتیژی، بە مەبەستی گەشەپێدانی کاری خۆبەخشی و زیادکردنی کاتی کاری خۆبەخشی و ژمارەی خۆبەخشەکان، زیادکردنی کاتی خۆبەخشی لە ساڵدا.

٦/ ئاسان کردنی دامەزراندنی دەستەی خۆبەخشی و قازانج نەویست، ئاسان کردنی دانانی بەرنامە و چالاکی خۆبەخشی و مۆڵەت پێدانی بە نەرمی و ئاسانی، بەخشینیان لە باج، ئەمە خاڵێکی جەوهەریە چونکە زۆر کەم و کورپی و ناتەواویمان هەیە لە دامەزراوە و بەرنامەی ئامانجدار تا بتوانێت ژمارەیەکی زۆر لە خۆبەخشەکان لە ئامێز بگرێت.

٧/ پێویستە حکومەتەکان وەك وڵاتە پێشکەوتووەکان هاوکاری دارایی دامەزراوە خێرخوازیەکان بکەن، فەلسەفەی ئەم داواکاریە ئەوەیە، لە بەرژەوەندی گەلدا نییە قەدەری داهات و دارایی بخاتە ژێر دەسەڵاتی فەرمانبەرانی دەوڵەت کە لەوانەیە لێهاتوو و دەس پاك بن، لەوانەیە وا نەبن، بۆیە گرنگە بەشێك لە



Scanned by DocumentScanner | Lufick

داهـاتی دارایـی وڵات بخرێتـه ژێـر دەسـەڵاتی خۆبەخشـەکان و کارمەنـدانی کـەرتی خۆبەخشـی گشـتی، کـه ئـەوان نوێنەرایـەتی زۆرینـەی خـەڵك دەکـەن و مـۆرکی چاکەخوازیان هەیـە، لێرەوە پێویستە لەسەر دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی کە هاوکاری کاری خۆبەخشی بکەن به هەمان رێبازی ئەمریکا و ئەو وڵاتانەی تر کە بە یاسادانان هانی هاوڵاتیان دەدات بۆ بەخشین، لـەو یاسایە - وەك ئەوەی کە هاوڵاتی دەیبەخشێت بـە ڕێکخراوە خۆبەخشـەکان، لـە بڕی ئەو باجەی لەسەریەتی کەم دەکرێتەوە کە پێویستە بیدات بـە دەوڵەت ( واتە باج کەمتر دەدات بە دەوڵـەت )- هـەروەها ئـەمریکا بـە یاسا کۆمپانیا بازرگانیـەکانی و بانکـەکانی پابەنـد کردووه بـە بەخشینی (٥٪)ی قازانجەکانیان بـۆ کـاری خۆبەخشـی، هەنـدێ لـە لێکۆلینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە (٦٠٪)ی داهـاتی دامـەزراوە خۆبەخشـەکانی ئیسـرائیل سەرچـاوەکەی لـە دەوڵەتەوەیـە، بۆیـە پێویسـته یاسـاکانی تایبـەت بـەم بـوارە هـەموار بکرێتـەوە، داواکاریـەکان لـە دامـەزراوە خۆبەخشـەکان زۆرە و گەورەیـە بـەڵام داهاتیان کەم و سنووردارە.

یەکێکی تر لەو خواستانە کە لە حکومـەت چاوەڕوان دەکرێت هاوکـاری کـاری خۆبەخشـی بکـات لـە رێگـای دەرکردنـی یاسـا و رێنمایی بۆ ناساندنی کاری خۆبەخشی بە خـەڵکی و ئاسـان کردنـی



Scanned by DocumentScanner | Lufick

ئەو ئەرکە بە جۆرێك کە نەبێتە بار بەسەر هاوڵاتیەوە، وەك تەرخان کردنی رووبەری تایبەت بۆ ریکلام کردنی رێکخراوە خێرخوازیەکان و بەرنامە خۆبەخشەکان بێ بەرامبەر لە ئۆکارەکانی راگەیاندنی میری و کەرتی تایبەت هەروەك چۆن لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا هەیە، چونکە ریکلام گران بەهایە و دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکی زانیاریان نەبێت لەسەر بەرهەمی کاری خۆبەخشی و پرۆژە و پێداویستیەکانی، هەروەها یەکێکی تر لەو داواکاریانە لە دەوڵەت جگە لەوانەی سەرەوە، خستنە سەر پشتی دەرگای دامەزراوە و باڵەخانەکانی هەموو ئامێر و کەل و پەلەکانی لەبەردەم چالاکی خۆبەخشیدا، وەك قوتابخانەکان و یاریگاکان و سەنتەری لاوان و ئەوانەی تر لەم جۆرەن، جگە لەمانەش کارکردن بۆ دانانی یاساو رێنمایی بە جۆرێك بەشداری لە کاری خۆبەخشی لە بری هەندێ لە سزای بەندکردن و پێ بژاردنی دارایی و سەرپێچی یاساکانی هاتووچۆ وەربگرێت، ئەمانەش ئارەزوومەندانە بێت بۆ ئەوانەی کە خۆیان یەکێك لەو بژاردانە پەسەند دەکەن.

لەمانەش زیاتر ئێمە دەمانەوێت لە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی ساڵێك دەست نیشان بکەن بەناوی (ساڵی خۆبەخشی) کە تیایدا دامەزراندنی زۆر پرۆژە و دامەزراوە و کاری خۆبەخشی رابگەیەنرێت، هاوشان دەرکردنی یاساو رێنمایی یەکگرتوو بۆ



Scanned by DocumentScanner | Lufick

ئاسان کردنی جوولەی خۆبەخشەکان لە ناو وڵاتانی عەرەبی و موسوڵمان نشینیدا، خواستێکی تر دانانی هەفتەیەك لە هەموو ساڵێکدا بەناوی (هەفتەی خۆبەخشی) کە تیایدا چالاك کردنی کارە خۆبەخشەکان و بەرەو پێش بردنیان دابین بکات، ئێمە خوازیاری ئەوەین کۆمپانیاکان هێڵی ئاسمانی میری (حکومەت) ئاسانکاری تایبەت پێشکەش بە خۆبەخشەکان بکەن بە کەم کردنەوەی نرخی گەشت کردن، یان بێ بەرامبەر بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لە توانا و داهێنانی خۆبەخشەکان وەربگیرێت لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی و موسوڵمان نشیندا.

٨/ خەڵات کردن و هاندانی خۆبەخشەکان: ئەوەی چاوەڕوان کراوە کە خۆبەخش چاوەڕوانی وەرگرتنی پارە ناکات لەسەر کاری خۆبەخشی جگە لە خوای باڵادەست، بەڵام وا باشە کە خەڵکی هان بدرێت لەسەر کاری خۆبەخشی و سوپاسیان بکرێت و ئاماژە بە بەرهەمی کارەکانیان بکرێت ئەمانە لە رەوشتی بەرزی موسوڵمانن، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکاری هاندانیان بۆ ئەنجام دانی زیاتر.

یەکەم کەس خەڵاتی خۆبەخشەکانی کرد و، بەشداریەکەی بەرز نرخاند لە مێژووی ئەم نەتەوەدا پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾بوو، ئیمامی بوخاری و موسلیم لە فەرموودەیەکدا باس لە ئافرەتێکی رەش



Scanned by DocumentScanner | Lufick

پێویست دەکەن کە کەسێکی مزگەوتی پێغەمبەری دەدا، پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری کرد کە ماوەیەك بوو نەیبینی بوو، ئاگاداریان کرد کە مردووە، فەرمووی: (بۆچی ئاگادارتان نەکردووم)، وەك ئەوەی کارەکە و ڕۆڵی ئەو خۆبەخشەیان بە کەم زانی بێت، فەرمووی: (قەبرەکەیم نیشان بدەن)، نیشانیان دا و نوێژی لەسەر کرد پاشان فەرمووی: ( ئەم قەبرانە تاریکی باڵی کێشاوە بەسەریاندا خوای گەورە بە نوێژەکەم بۆیان ڕووناك دەکاتەوە)، واتە بە هۆی کاری خۆبەخشی ئافرەتێکی ڕەش پێستەوە هەموو مردوانی قەبرستانەکەش لە نوێژی پێغەمبەر (ﷺ) و ڕەحمی خوا سوودمەند بوون. * پێشنیار دەکەم خەڵاتکردنی خۆبەخشان و ئاماژەکردن بە بەرهەمی بەخشینەکانیان لەم ڕێگایانەوە بکرێت:

١- ڕێگا بدرێت بەوانەی بەشداری بەهێزیان هەیە لە کاری خۆبەخشیدا، ئازادی خۆخانەنشینیان هەبێت (٥) ساڵ بەر لە هاوەڵەکانی وەك بەرکەوتەی خۆبەخشی.

٢- ناونانی هەندێك لە شەقام و دامەزراوە خێرخوازییەکان بە ناوی خۆبەخش و خێرخوازە گەورەکان و خاوەن دەستە سپیەکان لە کۆمەڵگەدا.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

٣- خۆبەخشەکان فرسەتی زیاتریان پێ بدرێت بۆ دامەزراندن.

٤- ڕێزلێنانی ساڵانە بۆ خۆبەخشەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پرۆژە خۆبەخشییەکانەوە.

٥- بەخشینی کاتژمێری پسپۆڕی بەرامبەر کاتژمێری کاری خۆبەخشی بە خۆبەخشەکان.

٦- بەخشینی پاسپۆرتی تایبەت بۆ هاتوچۆی بەخشەرەکان وە ئاماژە بە بەخشینەکانیان بکرێت .

ئەمەش لە پێناو بەرجەستەکردن و بە پیشەیی کردنی بیری خۆبەخشی و ئاسان کردنی چوونە ناوەوەی وڵاتانی ئیسلامی، ڕێنمایی بدرێت بە باڵیۆزخانەکان بۆ پێشکەش کردنی هاوکاری و کار ئاسانی بۆیان، چونکە خۆبەخشەکان و خێرخوازان هاتن و چوونیان بۆ وڵاتان زۆرە.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# کۆتایی

خۆشویستنی چاکە و ئارەزوومەندی بۆ بەشداری کاری خۆبەخشی لەو کارانەیە لە دەروونی موسوڵمانانندا جێگیر بووە، هۆکاری لاوازی چالاکی خۆبەخشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناسۆر و نەهامەتیانەی کە دووچاری ئوممەتەکەمان بوەتەوە لە دابڕان لە سەرچاوە و بەهای شارستانیەت و، خۆ بینینەوە لە تونێلی درێژی دواکەوتوویی.

ئەمڕۆ ئێمە سوپاسی خوا دەکەین لەسەر ئەوەی دەیبینین لە گەشەکردنی بیرو هزری گرنگی دان بە کاری خۆبەخشی، ئەوەی هەستی پێ دەکەین لە پەرەسەندنی دامەزراوەکان لە رووی چەندێتی و چۆنێتیەوە، خوازیارین کە هەموو کۆمەڵگە ببێتە وەرشەیەکی گەورە، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و ژنان کاری تێدا بکەن، کاری خۆبەخشی دۆزی ئوممەتێکە دۆزی لایەنێك و دەستەیەك نییە. دەمەوێت لەم روانگەوە ئەوە دووپات بکەمەوە کە زۆر گرنگە بڕیار بدەین لەسەر روانگەیەکی روون و ئاشکرا، ئەوەی ئەنجامی دەدەین لە کاری پەروەردەیی لە ماڵەکان و



Scanned by DocumentScanner | Lufick

قوتابخانەکاندا بە ئامانجی ئامادەکردنی نەوەیەک کە چاکەخواز و سەرکەوتوو بێت لە ژیانیدا پراکتیکی بکات و خواستی بەهێزی هەبێت لە بەشداری کاری خۆبەخشی و خزمەتی خەڵکیدا.

هەموو هاوڵاتیەکی چاک ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت کە کارێک بکات سوودی گشتی تێدا بێت، بەڵکو نابێت بە هاوڵاتی باش ئەگەر بەتەنگەوە هاتنی کۆمەڵایەتی نەبێت و بەرژەوەندیەکانی خۆی تێ نەپەڕێنێت.

لە کۆتایدا لە یەزدان داواکارم کە بمانکات بە خاوەنی چاکە و ئیحسان، شەرەفی خزمەتی ئەم ئوممەتەمان بە قیسمەت بکات .

کۆتا نزامان سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورە و باڵا دەست.



Scanned by DocumentScanner | Lufick

# پێڕست


پێناسی کتێب ........................................ ٢

پێشەکی وەرگێڕ ........................................ ٣

پێشەکی ........................................ ٦

کولتور چیە؟ ........................................ ١٠

کاری خۆبەخشی چیە ؟ ........................................ ١٢

کاری خۆبەخشی: ........................................ ١٢

لە ئاسۆی کاری خۆبەخشی دا ........................................ ١٦

بابەتی یەکەم: کاری بەکۆمەڵ (العمل الجماعی) ........................................ ١٦

بابەتی دووەم: ئافرەت و کاری خۆبەخشی ........................................ ٢٣

چۆن کاری خۆبەخشی بەرجەستە بکەین؟ ........................................ ٢٨

بەرپرسیارێتی خێزان لە دامەزراندنی کولتوری کاری خۆبەخشیدا ........................................ ٣٢

رۆڵی دامەزراوە زانستیەکان لە بەرجەستە کردنی کولتوری کاری خۆبەخشیدا ........................................ ٣٨

بەشداری هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە گشتاندنی کولتوری کاری خۆبەخشیدا ........................................ ٤٣

رۆڵی دامەزراوە خێرخوازیەکان لە بڵاوکردنەوەی کولتوری کاری خۆبەخشیدا ........................................ ٤٦

رۆڵی حکومەت لە بڵاوکردنەوەی کولتوری کاری خۆبەخشی دا ........................................ ٦٦

کۆتایی ........................................ ٧٥

پێڕست ........................................ ٧٧





Scanned by DocumentScanner | Lufick

خۆشویستنی چاکە و ئارەزوومەندی بۆ بەشداری کاری خۆبەخشی لەو کارانەیە لە دەروونی موسوڵمانانڵدا جێگیر بووە، هۆکاری لاوازیی چالاکی خۆبەخشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناسۆر و نەهامەتیانەی کە دووچاری ئوممەتەکەمان بوەتەوە لە دابڕان لە سەرچاوە و بەهای شارستانیەت و خۆ بینینەوە لە تونێلی درێژی دواکەوتوویی. ئەمڕۆ ئێمە سوپاسی خودا دەکەین لەسەر ئەوەی دەیبینین لە گەشەکردنی بیرو هزری گرنگی دان بە کاری خۆبەخشی، ئەوەی هەستی پێ دەکەین لە پەرەسەندنی دامەزراوەکان لە رووی چەندێتی و چۆنێتیەوە، خوازیارین کە هەموو کۆمەڵگە ببێتە وەرشەیەکی گەورە، ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان و ژنان کاری تێدا بکەن، کاری خۆبەخشی دۆزی ئوممەتێکە دۆزی لایەنێك و دەستەیەك نییە.

دەمەوێت لەم روانگەوە ئەوە دووپات بکەمەوە کە زۆر گرنگە بڕیار بدەین لەسەر روانگەیەکی روون و ئاشکرا، ئەوەی ئەنجامی دەدەین لە کاری پەروەردەیی لە ماڵەکان و قوتابخانەکاندا بە ئامانجی ئامادەکردنی نەوەیەك کە چاکەخواز و سەرکەوتوو بێت لە ژیانیدا پراکتیکی بکات و خواستی بەهێزی هەبێت لە بەشداری کاری خۆبەخشی و خزمەتی خەڵکیدا.

هەموو هاوڵاتیەکی چاك ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێت کە کارێك بکات سوودی گشتی تێدا بێت بەڵکو نابێت بە هاوڵاتی باش ئەگەر بەتەنگەوە هاتنی کۆمەڵایەتی نەبێت و بەرژەوەندیەکانی خۆی تێ نەپەڕێنێت.

کولتوری

# کاری خۆبەخشی



Scanned by DocumentScanner | Lufick